



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکـــی رۆژی ٢٠١٤/٩/١١دا پلانی کۆنترۆڵکردنی هەڕەشـــەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام (داعـــش)ی راگەیاند، لە وتارەکەیـــدا روونی کردەوە کە ئەم هەڕەشـــەیە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئاسایشـــی نیشتمانیی ئەمریکایە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بـــە هەمــوو هێـــز و توانا و ســـووربوونێکەوە رووبەڕووی ئەم هەڕەشـــەیە دەبێتـــەوە، ئەو راســـتەخۆ بـــە ئەمریکییەکانی راگەیاند: «من دەمەوێ گەلی ئەمریکا تێبگات ئەم ئەرکە لەگەڵ جەنگی عێراق و ئەفغانســـتان جیاوازە. کە مەبەست بەشـــداری پێکردنی هێزەکانی ئەمریـــکا نییە لە ناو خاکی بیانیدا». هەروەها گوتی: «ئەم ســـتراتیژییەتە بۆ کۆتایی پێهێنانی تیرۆریســـتانە کە هەڕەشەمان لێدەکەن، ئەمەش لە رێی پاڵپشـــتی کردنە بۆ هاوپەیمانەکانمان کە لە هێڵەکانی پێشـــەوەن، ئەمە هەمان ستراتیژیەتە کە لە ساڵانی رابردوودا لە یەمەن و سۆماڵ پیادە کرا»

قەبارەی ئەم پلانەو ئەو ئۆپەراســـیۆنانەی دەیگرێتەوە کە بریتییە لە گورزی ئاســـمانی و ناردنی راوێژکاری سەربازی بۆ عێراق و پشـــتگیریی لە جۆرێکی تازەی ئۆپۆزســـیۆنی میانڕەوەی ســـووریا، لە داهاتوودا ئامانجەکانی ئەم قەبارەیە



# ستراتیژیەتی ئۆباما و سەرکردایەتیکردن لە دوورەوە!

کەم دەبێتەوە، لەو وتارەیدا کە ١٣ خولەکی خایاند، ئۆباما روونی نەکردەوە کە ئەو ئۆپەراسیۆنانە کەی کۆتایی دێن و ماوەی یارمەتی و پاڵپشتییەکانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پلانەکە لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەو درێژتر دەبێت.

ئۆباما باسی لە مەسەلەیەکی گرنگ و مەترسیداری دەستووری کرد، کە پەیوەستە بەوەی راوێژ بە کۆنگریس بکات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی، ئەو دووپاتی کردەوە کە پێویست بەوە ناکات، سەرلەنوێ رێگەپێدانی کۆنگریس بەدەست بێنێت، چونکە خۆی دەسەڵاتی یاسایی هەیە کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی جێبەجێ بکات. هەرلەو بارەیەوە گوتی: «ئەوە پرەنسیبی بنەڕەتیی سەرۆکایەتییەکەی منە: ئەگەر ئەمریکا هەڕەشەی لێکرا، ئەو کاتە تۆ هیچ شوێنێکی ئارام بۆ خۆت نادۆزیتەوە»، هەروەها گوتی: «تا ئێستاش داوا لە کۆنگرێس دەکەم دەسەڵاتم پێ بدات کە سەربازانی ئەمریکا مەشق بە سووری و عێراقییەکان بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی میلیشیا ئیسلامییەکان لەو دوو وڵاتەدا، من خۆشحاڵم کە کۆنگرێس پشتگیریی لەم ئەرکە دەکات، تاکو بۆ جیهانی روون بکەینەوە کە ئەمریکییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییەدا یەکگرتوون»، دووپاتیشی کردەوە بە یەقین بڕوای بەوەیە کە ئەمریکییەکان وەك نەتەوە بەهێز دەبن کاتێ سەرۆك و کۆنگریس بەیەکەوە کاردەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا رێپێدانی کۆنگریسی نییە، بەڵکو پشت بە رێپێدانی پێشووی کۆنگرێس دەبەستێ کە دابووی بە سەرۆکی پێشوو(بوش) تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەلقاعیدە، لەم بارەیەوە سیناتۆر مارك ئۆدل Mark Udall لە چەپخوازانی ناو حزبی دیموکراسی دەڵێت: «هەندێ لە دیموکراسییەکان سوورن لە سەر ئەوەی کە پێویستە کۆنگریس دەنگ لەسەر فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بدات»، زیاتر دەڵێت: «من چەکێکی سپی (a blank check) نادەمە ئەم سەرۆکە، یان هەر سەرۆکێکی دیکە تاکو جەنگێکی دیکە لە عێراق دەست پێبکات».

ئۆباما وتارەکەی بە هێنانەوەی دەستکەوتەکانی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەست پێکرد، ستایشی هەوڵەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکای کردو دووپاتیشی کردەوە کە ئەمریکییەکان قوربانییان داوە بۆ وەدیهێنانی ئەو دەستکەوتانە، روونیشی کردەوە کە زۆرینەی گەلی ئەمریکا ئاستی مەترسییەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی نازانێت. ئەم مەترسییانە گەورەن، بۆیە پێویستی بە (شەڕێکی گشتگیر و بەردەوام) لە دژی ئەو تیرۆریستانە هەیە.

**ئۆباما وتارەکەی بە هێنانەوەی دەستکەوتەکانی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە دەست پێکرد، ستایشی هەوڵەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکای کردو کە بۆ وەدیهێنانی ئەو دەستکەوتانە قوربانییان داوە**

**بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەمریکا لەم شەڕانەدا تێوەنەگلێت، ئۆباما دووپاتی کردەوە کە هیچ هێزێک بۆ جەنگ لەسەر زەوی نانێرێت، بەڵکو پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان دەکات**

ئۆباما جەختی لەوە کردەوە کە ئەم ململانێ و کوشتارە مانای گۆڕانکاری نییە، یان دووبارەبوونەوەی ئەوەی کە لە جەنگی عێراق روویدا، ئەو دووجار دووپاتی کردەوە کە هێزی ئەمریکی بۆ عێراق نانێرێت، چونکە شەڕ دژی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بریتییە لە هەڵمەتی دژ بە تیرۆر، نەك جەنگ، یان شەڕی چەکدارانە.

لە کۆتایی وتارەکەیدا ئۆباما گوتی: «ئەمڕۆ ئەمریکا پێگەیەکی باشی هەیە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا لەهەر نەتەوەیەکی سەر زەوی زیاتر تەحەکوم بکات. بۆیە بەپێی ئەو قسانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەکرێ چی دەربارەی ئەو ستراتیژییەتە بگوترێت.

دە ساڵێکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە سایەی (خولیای جەنگ) دەژی و بیر لەوە دەکاتەوە چۆن دەکرێ رووبەڕووی ئەو مەترسییە ببێتەوە، سەرۆك ئۆباما لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنیدا بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە دژی تێوەگلانی جەنگە، هەروەها لە کاتی هەڵبژاردنیدا هەموو هێزەکان لە عێراق و ئەفغانستان دەکێشێتەوە. بۆیە بەڕاستی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە،(بە نیازیشە لە کۆتایی ئەمساڵ هێزە ئەمریکییەکان لە ئەفغانستان بکێشێتەوە) و لەو بڕوایەدایە کە بەم کارەی لاپەڕەی جەنگ لە واقیعی سیاسیی ئەمریکا بپێچێتەوە و زیاتر خەریکی کێشەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی دەبێت. بۆیە ئۆباما بەوە وەسف کرا کە سەرۆکێکە کۆتایی بە جەنگ دەهێنێت، بەڵام ئەمەی بۆ نەچووەسەر، چونکە ئۆباما جارێکی دیکە خۆی لە جەنگێکدا دۆزییەوە بەرامبەر رێکخراوێکی بەهێز کە دەوڵەتی نییە. کەواتە، سەرۆك ئۆباما بە زۆرداری تووشی شەڕ کرا، لەم بارەیەوە دیك چینی جێگری جۆرج بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، (هەڵۆیەکی جەنگی دژ بە عێراق) گوتی: «ئۆباما هەمان سەرۆکە کە پێشتر رایگەیاندبوو شەپۆلی جەنگ هێور بۆتەوە، بەڵام لە راستیدا هەژموون و دەسەڵاتی ئەمریکا لە عێراق کەم بۆتەوە، تاکە شتیش پارێزگاریکردنە لە هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا».

ئەم جەنگە جەنگێکی نەریتی و ئاسایی نییە، بەڵکو جەنگی هەڵبژاردەو جووڵاوە، ناکرێ ئاسۆکانی ئایندەی بە وردی و بە روونی دەربخرێت، ئەمە شەڕێکە بەرامبەر بە نەناسراو، چونکە ژمارەو لایەنە شەڕکەرەکان زیاد دەکەن و لە جەنگێکی دیاریکراوەوە(هەروەك سەرۆك ئۆباما دیاری کردووە) گۆڕا بۆ جەنگێکی نادیار. بەتایبەتیش کە ناوچەکە پڕیەتی لە مین (نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنی....) کە دەکرێت لە کاتی پێویستدا بتەقێنرێنەوە.

جا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم شەڕانەدا تێوەنەگلێت، ئۆباما دووپاتی کردەوە کە هیچ هێزێك بۆ جەنگ لەسەر زەوی نانێرێت، بەڵکو پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان دەکات و ئەمریکاش لەم رووەوە شێوازی پەسندکراوی خۆی هەیە.

### ● ئەمە چی دەگەیەنێت؟

ئەمریکا (پاش کوژرانی نزیکەی پێنج هەزار سەربازی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٣بەدوا لە عێراقدا) ئامادە نییە بۆ ناردنەوەی سەرباز، بەڵکو (کۆمەڵێك راوێژکار رەوانە دەکات بۆ هاوکاریکردن لە دانانی پلان و راوێژپێکردن کە ژمارەیان تا ئێستا لە ١٠٠٠ کەس نزیك بۆتەوە). کەواتە، نایانەوێت سەربازی ئەمریکی زیاتر بکەنە قوربانی، بەڵام جەنگ هەر جەنگەو سووتەمەنییەکەشی بریتییە لە قوربانییەکان، لەم جەنگەشدا قوربانی دەکەوێتەوە، کەواتە قوربانییەکان کێن؟ ئایا ئەوانە خەڵکی ئەو ناوچانەن کە لە پێناوی وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکاندا ئەو ئەرکە قورسەیان بە ئەستۆ دەکەوێت؟ بەڵام لە بنەڕەتەوە بۆ بەرژەوەندی کێیە؟ سەرۆك ئۆباما زۆر بە روونی رایگەیاند: بەرگریکردنمان لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکایە (واتە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ناوچەکە بە پلەی دواتر دێت). ئەمەش دەبێتە هۆی کردنەوەی دەروازەیەك بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی و تایەفەگەری، دەبێتە هەڕەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناوچەکە بۆ (کۆمەڵێك دەوڵەتۆکەی وا کە بەگشتی ژیان تێیاندا زەحمەت بێت)، پێوەندییەکانی نێوانیشیان هەمیشە خەسڵەتی رقەبەرێتی و دوژمنایەتی هەڵدەگرێت هەر وەك لویس برنارد و سامۆئیل هانتکتن و سەرهەنگ راڵف یبیتەرز لە مەسەلەی نەخشەکانی خوێن پێشبینییان بۆ دەکرد..

لە پێناوی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا، زۆر لە هەڵسوکەوت و رەفتارە نێودەوڵەتییەکان بە پێچەوانەی رێبازەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکەونەوە، لەوانە وتنی ئەوەی کە سنوور بزر بکرێت، وەك چۆن لەو رووەوە (بی.رۆدز. نوێنەری راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا) لەسەری دەدوا: «سنوور دیار نەماوە، هەڵدەستین بە فراوانکردنی جەنگی ئاسمانی، ئۆباما داعش بۆردومان دەکات، هەروەها لە سووریاش دەیانکوتێت و لەهەردوو دیوی سەر سنوورەوە لێیان دەدات». لەو پێناوەدا ئۆباما بۆ پشتگیریکردن لە هەڵوێستەکەی رووی لە کۆنگرێس و گەلی ئەمریکا نا، راپرسییەکانیش لە ئەمریکا جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی رای گشتی ئەمریکا پشتگیری لە لێدان و کوتانی دیاریکراوی ئاسمانی دەکەنەوە، بەڵام نایانەوێت راستەوخۆ دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکی لەسەر زەمین بکرێت.

ئۆباما دەیەوێت دەستێوەردانەکەی تەنیا لە رێی گورزی ئاسمانی دیاریکراوەوە بێت (گورزی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی پێ باشترە). ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە، پشتبەستوون بەو راستییەی ئەگەر بێتو ئەمریکا لە رێی ناردنی سەربازی جەنگاوەرەوە دەستوەردان بکات، ئەوە تێچووی خەرجییەکان بۆ هەر سەربازێکی ئەمریکی لە

**ئۆباما بۆ لێدانی داعش بۆردومانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی پێ باشترە، ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە پشتبەستوون بەو راستیەی ئەگەر بێتو ئەمریکا لە رێی ناردنی سەربازی جەنگاوەرەوە دەستوەردان بکات، ئەوە تێچووی خەرجییەکان بۆ هەر سەربازێکی ئەمریکی لە ماوەی یەک ساڵدا بریتییە لە یەک ملیۆن دۆلار**

ماوەی یەك ساڵدا بریتییە لە یەك ملیۆن دۆلار(بیهێننە پێش چاوتان تێچووی خەرجییەکانی هەزاران سەرباز ئەگەر بنێردرێن بۆ جەنگ دەگاتە چەند؟) بەڵام تێچووی خەرجی لێدانی ئاسمانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان زۆر لەوە کەمترە کە سەرباز راستەوخۆ بخرێتە ناو گۆڕەپانی جەنگەکەوە، هەر بۆیە ئۆباما بۆردومانی ئاسمانی لە رێی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانەوە بە باشتر داناوە و لە بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکای زیاتر بەکارهێناوە.

لە لایەکی ترەوە سەرۆك ئۆباما هەوڵ دەدات پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لێکردنی ستراتیژیەتەکەی وەدەست بهێنێت، لەو بارەیەوە جۆن کێری وەزیری دەرەوەی خۆی چالاکانە خستۆتەکار، لەو هەوڵانەشی بەستنی کۆنگرەی پاریسە کە لەوێدا جەختی کردۆتەوە لەسەر دامەزراندنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەت بڕیاری ٢١٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایش لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و وشککردنەوەی سەرچاوەکانی پارەو سامانی تیرۆریستان.

ئەو شتەی لە واشنتۆن زۆر جێی داچڵەکاندنە، بەکارهێنانی خوازەی «سەرکردایەتیکردن لە دواوەیە»، کاتێ نووسینگەی بەڕێوەبردنی سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، بۆ وەسفکردنی ئەو پرۆسەیەی کە ئەمریکا هەوڵی بۆئامادەکردنی داوە، ئەوەش دژ بە لیبیا ساڵی ٢٠١١ بەکار هێنراوە، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا تەنیا بە بۆردومانی ئاسمانی دەستیپێکرد و ئیتر لێگەڕا ئەوانی تر ئەرکەکەی تەواوبکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیکردن لە دوواوە، خوازەیەکە بۆ گوزارشتکردن لە ستراتیژیەتەکەی ئۆباما بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش لە عێراق و سووریادا.

بە رای جیفری دایر کە لە رۆژنامەی فایننشاڵ تایمز بڵاوکراوەتەوە، ئەو ستراتیژیەتەی ئۆباما دیاری کردووە گوزارشت لە «سەرکردایەتیکردن لە دواوە»دەکات، بەو پێیە ئەمریکا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی و ئاسانکاری بۆ دروستکردنی سەرپۆشێکی ئاسمانی، دەوڵەتانی تریش لە زەمینەوە هێز بۆ جەنگان لە دژی داعش تەرخان دەکەن، ئۆباما لە گوتارەکەیدا روونیکردەوە «ناتوانین لەبری عێراقییەکان خۆیان شتێك بکەین، ناتوانین شوێنی عەرەب بگرینەوە بۆ پاراستنی ناوچەکەی خۆیان»، بە رای رۆژنامەکەش (وێڕای باڵادەستێتی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا، ئۆباما لەو بڕوایەدایە کە سەرکەوتنێکی هەمیشەیی دژ بە هێزەکانی داعش وەدینایەت بە بێ بوونی سەربازانی ناوچەکە خۆیان)

هەر لەو رۆژنامەیەدا هاتووە: گرفتەکانی ستراتیژیەتی ئۆباما کورتدەکرێنەوە و لە کۆمەڵێك ئەرکی کەموکوڕدا دەبینرێتەوە، ئومێد بە وەدیهاتنی ئامانجی گەورە دەخوازێت، بێ ئەوەی ئامڕازەکانی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی هەبێت.

ئۆباما دەیەوێت داعش هەڵوەشێنێتەوەو ئینجا دواتر لەناوی بەرێت، ئەوەش ئامانجێکی تەمومژاویەو پێویستی بە روونکردنەوەی زیاترە، هەڵوەشانەوە، یان لاوازکردنی ئەو رێکخراوە واتە پچڕاندنی بەشێك لە تواناکانی و کەمکردنەوەی قەبارەی چالاکییەکانی، بەڵام لەناوبردنی رێکخراوەکە بە تەواوەتی پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەندە کە ماوەیەکە شەڕە ناوخۆییەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەندا لە زیادبووندان، ئەوەش کۆتایی ئامانجە ستراتیژیەتەکەی ئۆبامایە.

رۆژنامەکە لە سەرزاری بەرپرسێکی باڵای ئەمریکییەوە دەنووسێت کە چەند ئاماژەیەك هەن بۆ پشتیوانی سەرۆك هۆزە سوننەکانی سەر بە حکومەتی بەغدا، بەڵام ئەو جەنگەی دژ بە داعش ئێستا ئەنجام دەدرێت، لە لایەن پێشمەرگە و میلیشیا شیعەکانەوە دەکرێت، نەك لە لایەن سوپای نیشتمانی کە نوێنەری هەموو کۆمەڵگەی عێراقییە. (رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ٢٠١٤/٩/١٩ لەسەر رۆڵی کورد لەو جەنگەدا دەنووسێت: رۆڵێکی نوێی کورد بەو سیفەتەی هێزی وشکانین لە بری خۆرئاوا دژ بە داعش دەجەنگن، جۆرێك لە گەشبینی داوەتە زۆرکەس بەرامبەر بە هەولێر، ئەمریکاش بۆ کاتێکی درێژتر خۆی پابەند کردەوە بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی ئەزموونەکەی ئەو هەرێمەوە، بەڵام کێشەیەکی تر هەیە کە رۆژنامەکە ئاماژەی پێداوە، ئەویش بریتییە لەوەی ناتوانرێت بە هێزی ئاسمانی داعش بە تەواوی لەناو ببرێت، بەتایبەتی کاتێ ئۆباما جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی داعش بە دەردی قاعیدە بەرێت کە لە یەمەن و سۆماڵ لەناو براون، سەرەڕای ئەوەش داعش بریتی نییە لە گرووپێکی بچکۆلەی وا کە لە ناو چیاو بیابانەکان خۆیان حەشاردابێت و پیلان دابڕێژن بۆ هێرشکردن، بەڵکو بزاڤێکی یاخیگەرن و زنجیرەیەك شارو شارۆچکەو گوندی زۆریان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بەمەش تەحەدایەکی سەربازی جیاوازیان لە رووبەڕووبوونەوەدا پێویستە.

فایننشیال تایمز بەم شێوەیە کۆتایی بە وتارەکەی دێنێت: «زۆر لە رەخنەگرانی ئۆباما قسەدەکەن لەسەر پێویستیی هێزەکانی ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردن لەو ناوچانە، مەترسییەکانی سەرکردایەتیکردن لە دواوە وا لە ئەمریکا دەکات، پشت ببەستێت بە توانای هاوپەیمانەکان، ئەگەر شکست بهێنن، سەرۆك ناچار دەبێت بە تێوەگلان بە جەنگ لە زەمینەوە، کە ئەمەش تارماییەکە بۆ ئەوانەی پاش خۆی بە سەغڵەتییەکەوە دەمێنێتەوە، یان ئەوانی پاش خۆی دەگلێنێت لە جەنگێکەوە کە کۆتاییەکەی نادیارە».


**داعش بریتی نییە لە گرووپێکی بچکۆلەی وا کە لە ناو چیاو بیابانەکان خۆیان حەشاردابێت و پیلان دابڕێژن بۆ هێرشکردن، بەڵکو بزاڤێکی یاخیگەرن و زنجیرەیەک شارو شارۆچکەو گوندی زۆریان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، ئەوەش تەحەدایەکی سەربازیی جیاوازی بۆ رووبەڕووبوونەوەیان پێویستە**

**رۆڵێکی نوێی کورد بەو سیفەتەی هێزی وشکانین و لە بری خۆرئاوا دژ بە داعش دەجەنگن، جۆرێک لە گەشبینی داوەتە زۆرکەس بەرامبەر هەولێر، ئەمریکاش بۆ کاتێکی درێژتر خۆی پابەند کردەوە بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی ئەزموونەکەی ئەو هەرێمەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناتوانرێت لە رێی هێزی ئاسمانی بە تەواوی داعش لەناو ببرێت**

# کوردستان و ئابووری جەنگ

## بەڕێوەبردنی جەنگ پێویستی بە فرەسەرچاوەیی داهات هەیە





د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئابووری جەنگ ئەو ئابووریەیە کە لە کاتی پێویستدا سەرچاوەکانی ئابووری و مرۆیی تەرخان بکرێت بۆ سەرکەوتنی جەنگ. لە راستیدا ئابوورییەک نییە بەتایبەت تەنیا بۆ جەنگ رێکخرابێت، چونکە جەنگ خۆی لە خۆیدا بە کردارێکی کاتیی هەژمار دەکرێت و هەر کاتێک مەبەستی خۆی بەدیهێنا، یا گەیشتە بنبەست ئەوە کۆتایی پێدێت. ئەو جەنگە درێژخایەنانەی کە پێنج ساڵ زیاتر دەخایەنن هێز و توانای ئابووری و کۆمەڵگە لاواز دەکەن و لە رێڕەوی سروشتی گەشەکردنی خۆی لادەدەن. زۆربەی زۆری جەنگە درێژخایەنەکان بەماڵوێرانی و نەهامەتی و قاتوقڕی کۆتاییان پێ هاتووەو مرۆڤایەتی لێیان زەرەرمەند بووە. زۆرجاریش ئەو جەنگانە شارستانیەتی پێشکەوتوویان رووخاندوە و رێچکەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتیان دەیەها و سەدەها ساڵ بۆ دواوە بردووە.

بێگومان خەرجیی سەرەکیی جەنگ کاتێک دەست پێدەکات کە بە کردار وڵات دووچاری جەنگ دەبێتەوە، لەو کاتەدا ئەو دەزگایەی کە بۆ جەنگ ئامادە دەکرا لە کاتی ئاشتیدا دەکەوێتە کار، ئینجا ئایا ئەو جەنگە سەپێندراوە، یا وڵات دەستپێشخەری لە هەڵگیرسانیدا کردووە، لە سروشت و تێچووەکانی ناگۆڕێت؟

وڵات لە هەموو بارێکی جەنگیدا پێویستی بە سەرچاوەی ئابووری هەیە بۆ ئەوەی جەنگەکە یا بە مەرامی خۆی بگات، یا کۆتایی پێ بێت. قورسایی ئابووری جەنگ پەیوەستە بە درێژەی ماوەکەیەوە.



**کوردستان جەنگێکی بەسەردا سەپێندراوە کە لە هیچ رووییەکەوە ئامادەکاری بۆ نەبووە. سەرەڕای دابەشبوونی هێزی بەرگری (هێزی پێشمەرگە) بە سەر حزبە سیاسییەکاندا، کوردستان ماوەی هەشت مانگە هیچ بودجەیەکی لە حکومەتی ناوەندییەوە پێ نەگەیشتووە**

**ئابووری جەنگ تا رادەیەک جیاوازە لە تێچووی هێزی بەرگری. لەلایەکەوە، هەموو وڵاتێک بەپێی قەوارەو بارودۆخی سیاسیی خۆی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەمیشە پێویستی بە هێزێکی بەرگری هەیە. هێزی بەرگریش پێویستی بە چەک و راگرتن هەیە و ئەمانەش تێچووی ئابووری و مرۆییان هەیە**

**لە جیهاندا تەنیا دوو وڵات خەرجییان لە ٥٠ ٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی تێپەڕ دەکات، خەرجی حکومەت لە هیچ وڵاتێکدا ناگاتە رێژەی خەرجی حکومەتی کوردستان. بۆیە پێویست دەکات شێوەی خەرجکردنی بودجەی ئێستای حکومەتی کوردستان بە شێوەیەکی نائاسایی لە قەڵەم بدرێت کە لە شێوازی حوکمڕانی لە جیهاندا وێنەی نییە**

لە سـەرەتای مانگـی ئابەوە کوردستـان کەوتووەتە بەر هێرشـێکی دڕندانەی گرووپـی چەکداری بە ناو دەوڵەتی ئیسـلامی عێراق و شام ناسـراو بە داعش. هێرشـێک کە هێزی پێشـمەرگەو تواناکانی خستە ژێر تاقیکردنەوەیەکەوە و لاوازییەکانی بەتایبەتی لە رووی ئامادەیی شـەڕ و چەکەوە خستـە بەر پرسیارەوە. لە هەمان کاتدا، گرتنی ناوچەیەکی بەربڵاوی پێکهاتەی سـوننەی عێراق کێشـەی وزەو ئابووری رووبەڕووی کوردسـتان کردەوە، بەربڵاویی کێشەکە زۆر گەورەتر بوو لـە توانای ئابووری و لۆجیسـتیکی حکومەتی کوردستان، لە بار و دۆخێکی ئاوادا، هەندێ هەڵوێستی سیاسی، لە بری کۆبوونەوەو دروستکردنی یەکدەنگی و یەکریزی، بەتایبەت لە قۆناغێکی هەستیاری ئاوادا، بوونە مایەی دڵەڕاوکێ و پرسیاری نەخوازراو لە لایەن هەندی توێژی کۆمەڵایەتییەوە.

جەنگ زۆربەی جار لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا دەیسـەپێنێ. جا جەنگ تەنانـەت گەر لە ناچاری و کتوپڕیشـدا دروسـت بێت، ئامادەبوون بۆی لە رووی ئابووری و مرۆییەوە پێویستی بە پلان و بیرلێکردنەوەی پێشوەخت هەیە. هەرچەندە رەنگە جەنگێکی داسەپێندراو لە پڕێکدا دروسـت ببێت، بەڵام زۆرجار نیشـانەکانی پێشوەخت هەسـتی پێدەکرێت و دەزگا هەواڵگرییەکان دەتوانن پێشـبینیان بۆ بکەن. بۆیە خۆئامادەکردن بۆ جەنگ بە تایبـەت جەنگی خۆپاراسـتن ئەرکێکی سەردەمی ئاشتییە و هەموو دەوڵەتانی جیهان، تەنانەت ئەوانەش کە سـەدەها سـاڵە نەکەوتوونەتە جەنگەوە، هەموو کات خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن. بۆیە تێچووی هێـزی بەرگـری (Defence expenditure) بووەتـە بەشێکی گرنگی ئابووری وڵاتانی زلهێزی جیهان. لە لایەکی دیکەوە، پیشەسـازی جەنگ لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆر گرنگ و گەورەی سیستەمی ئابووریی سەرمایەدارییە.

لێرەدا پێویسـتە دوو چەمکی ئەم باسـە لەیەک جیا بکەینـەوە، ئابووری جەنگ تـا رادەیەک جیاوازە لە تێچووی هێزی بەرگری. لەلایەکەوە، هەموو وڵاتێک بەپێـی قەوارەو بارودۆخی سیاسـیی خـۆی لەگەڵ دراوسـێکانیدا هەمیشە پێویستی بە هێزێکی بەرگری هەیە. هێزی بەرگریش پێویسـتی بە چەک و راگرتن هەیە، ئەمانەش تێچووی ئابـووری و مرۆییان هەیە. لەلایەکی ترەوە، گەر جەنگێک سـەپێندرا بە سـەر وڵاتێکدا، چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەو جەنگە پێویستی بە شـێوازێکی بەڕێوەبردنـی ئابوورییە کە جیاوازە لە ئابووری سەردەمی ئاشتی. بۆیە بەڕێوەبردنی ئابووری بەشـێوازێک کە هێز و توانا ئابووری و مرۆییەکان لە خزمەتی ئامانجی سەرکەوتنی جەنگدا بێت، دەتوانرێت پێی بگوترێت: ئابووری جەنگ. ئەم وتارە بە شێوەیەکی راستەوخۆ شـیکردنەوە بۆ ئابووری جەنگ دەکات و ناڕاسـتەوخۆش پێوەندی لەگەڵ ئابووری سـەردەمی ئاشتیدا دەبەستێتەوە.

### ● تێچووەکانی هێزی بەرگری لە کاتی ئاشتیدا

یەکێـک لـە ئەرکەکانـی دەوڵەت کـە تەنانەت ئابووریناسـە دژ بە دەوڵەتەکانیش کۆکن لە سـەری بەرگریکردنە لە خاکی نیشـتمان. بۆ ئەم مەبەستەش، وڵاتانی جیهان، گەورە و بچوک، تێچوونێکی داهاتی نەتەوەییان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن. لە زۆربەی وڵاتاندا، سـوپایەکی هەمیشـەیی راگیر دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونـەوە و بەرپەرچدانەوەی هەر شـاڵاوێکی نەخوازراو بۆ سـەر وڵات. بێگومان ئەم خۆئامادەکردنە رێگەی خۆش کردووە بۆ سـەرهەڵدانی پیشەسـازی جەنگ کـە کەرتێکی گرنگی ئابووری زۆر وڵاتە و لە رووی دەسـەڵاتی سیاسیشەوە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێزدا سەنگێکی قورسی هەیە.

تێچووی سـوپایی بە پێی قەبـارەو پێگەی وڵات لە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا دەگۆڕدرێـت. لە لایەکی دیکەوە، هەبوونی ململانێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسـێ و جێگیرنەبوونـی باری سیاسـیی وڵات دەبێتە هۆی بەرزبوونـەوەی تێچـووی راگرتنی سـوپا. بەڵام ئەو تێچووە مەرج نییە راستەوخۆ پەیوەست بێت بە ململانێی سنووری خاکەوە. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێچووی سوپایان زۆرە، هیچ شەڕ و ئاژاوەیەکیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی خۆیاندا نییە. خشتەی ژمارە یەک ئەوە پیشان دەدات کە وڵاتانی وەک (ئەمریکا، یەمەن، ئیماراتی عەرەبـی و سـەنگاپور) کێشـەی ململانێی خاکیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا نییە، بەڵام خەرجی سوپایان لە ریـزی رێژە بەرزەکاندایە. خشـتەکە لە هەمان کاتدا ئەوە نیشـان دەدات کە کێشەی ئاڵۆز و پشێوی ناوخۆ بووەتـە مایەی خەرجییەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتانەی کە سەقامگیرییان بەدەست نەهێناوە. بۆ نموونە ئەفغانستان و باشووری سـوودان و یەمەن کە سـێ وڵاتی هەرە هەژاری جیهانن بەشـێکی گەورەی داهاتی نەتەوەییان بۆ سوپا تەرخانکردووە.

لێرەدا پرسـیاری گرنـگ ئەوەیە: ئایـا رێژەیەکی سـەدی کۆی داهاتـی گشـتی (Gross Domestic Product) هەیە بۆ خەرجی سـوپا لە کاتی ئاشـتیدا کە ئابووریناسـان لەسەری کۆک بن و بە رێژەیەکی تەندروست و پەسەندکراوی دابنێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە

زۆر ئاسان نییە و بەشێوەیەکی گشتی وەڵامێکی ڕاست و ڕەوانی نییە، بەڵام زۆربەی ئابووریناسان پێیانوایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بەراوردێک بکرێت لە نێوان خەرجی ســوپا و خەرجییە گرنگەکانی دیکەی وڵات وەک پەروەردەو کەرتی تەندروستی. زۆربەشیان پێیانوایە کە نابێت خەرجی سوپا لەو خەرجیە گرنگانەی کۆمەڵگــە بەرزتر بێت. بــۆ نموونە گــەر بڕوانینە خشــتەی ژمارە دوو بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای گەشەنەکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی عوممان و شانشــینی ســعودیە و باشووری سوودان و ئیماراتی عەرەبی ڕێژەیەکــی زۆر کەمتر لە خەرجی سوپا بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان دەکەن. لە هەمان کاتدا بە شــێوەیەکی گشــتی، بە بــەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووریدا، وڵاتانی گەشەنەکردوو ڕێژەیەکی کەمی داهاتی نەتەوەییان بۆ تەندروســتی کۆمەڵگە تەرخان دەکەن.

## ● ئابووری جەنگ


ئابووری جەنگ ئەو ئابوورییەیە کە لە کاتی پێویستدا ســەرچاوەکانی ئابــووری و مرۆیــی تەرخان بکرێت بۆ ســەرکەوتنی جەنگ. لە راســتیدا ئابوورییەک نییە بەتایبەت تەنیا بۆ جەنــگ ڕێکخرابێت، چونکە جەنگ خۆی لە خۆیدا بە کردارێکی کاتیی هەژمار دەکرێت و هەر کاتێک مەبەســتی خۆی بەدیهێنا، یا گەیشــتە بنبەســت ئەوە کۆتایی پێدێت. ئەو جەنگە درێژخایەنانەی کە پێنج ســاڵ زیاتــر دەخایەنن هێز و توانای ئابووری و کۆمەڵگە لاواز دەکەن و لە ڕێڕەوی سروشــتی گەشەکردنی خۆی لادەدەن. زۆربەی زۆری جەنگە درێژخایەنــەکان بە ماڵوێرانــی و نەهامەتی و قاتوقــڕی کۆتاییان پێ هاتــووەو مرۆڤایەتی لێیان زەرەرمەند بووە. زۆرجاریش ئەو جەنگانە شارستانیەتی پێشــکەوتوویان ڕووخاندوە و ڕێچکەی گەشــەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتیان دەیەها و ســەدەها ســاڵ بۆ دواوە بردووە. بۆ نموونە جەنگی عەرەبەکانی سەردەمی بڵاوەپێکردنــی ئیســلام و لە دوای ســاڵی ٦٣٣ی زایینییەوە، جەنگاکانی مەنگۆلەکان (١٢٠٦-١٣٧٠)، جەنگەکانــی ناپلیــۆن پۆناپــارت (١٨٠٣-١٨١٥)، جەنگــە جهانییەکانی یەکەم و دووەم و جەنگی عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) لە ریزی ئەو جەنگە ماڵوێران و ڕووخێنەرانە هەژمار دەکرێن.

لە ڕووی ئابوورییەوە، جەنگ و تێچووەکانی بەرگری لە زۆر ڕووەوە زیانبەخشــن. لە لایەکەوە کەرەسەکانی جەنگ تەنیا بۆ مەبەســتی کوشتن و ڕووخاندن بەکار دەهێنرێن. واتە هیــچ بەکاربردنێکی دیکەیان نییە بۆ

خشــتەی -١-:ڕێژەی ســەدی تێچووی بەرگری لە کۆی گشــتی داهاتی نەتەوەیــی (GDP): ١٢وڵات بە پێی بەرزی، ٢٠١٠-٢٠١٣

| وڵات | ٢٠١٣ | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ |
|---|---|---|---|---|
| عوممان | ١١,٥ | ١٥,٨ | ٩,٥ | ٨,٣ |
| شانشینی سعودیە | ٩,٠ | ٧,٧ | ٧,٢ | ٨,٦ |
| باشووری سوودان | -- | ٩,١ | ٥,٤ | ٤,٠ |
| ئەفغانستان | ٦,٢ | ٣,٦ | ٤,٨ | ٣,٧ |
| ئیسرائیل | ٥,٦ | ٥,٨ | ٥,٤ | ٦,٤ |
| ئیماراتی عەرەبی | -- | ٥,٠ | ٥,٥ | ٦,١ |
| ئازەربایجان | ٤,٧ | ٤,٧ | ٤,٧ | ٢,٨ |
| رووسیا | ٤,٢ | ٤,٠ | ٣,٧ | ٣,٩ |
| یەمەن | ٣,٩ | ٤,٥ | ٣,٨ | -- |
| ئەمریکا | ٣,٨ | ٤,٢ | ٤,٦ | ٤,٧ |
| ئوردن | ٣,٦ | ٤,٠ | ٤,٨ | ٥,٢ |
| سەنگاپورە | ٣,٣ | ٣,٣ | ٣,٣ | ٣,٤ |

سەرچاوە: SIPRI data base




**کەلتووری دامەزراندن لە کوردستان زۆربەی هێزی کاری کردووە بە مشەخۆری دەوڵەت و هەموو کەس چاویان بڕیوەتە حکومەت بۆ دامەزراندن، کار دروستکردن و کاردۆزینەوە وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ون بووە**

**تێچووی سوپایی بەپێی قەبارە و پێگەی وڵات لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەگۆڕدرێت. لە لایەکی دیکەوە، هەبوونی ململانێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جێگیرنەبوونی باری سیاسیی وڵات دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی ڕاگرتنی سوپا**

**جێگەی سەرسوڕمانە کە هەندێ لە سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمان لە کاتێکی ئاوا تەنگانەدا داوای نزمکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و بەرزکردنەوەی کۆمەکی حکومەت دەکەن بۆ بەکاربردنی وزەی هاووڵاتیانی ئاسایی تا ئەو رادەیەی خەڵکان بۆ مەبەستی سیاسی بهێننە سەر جادە و هانی مانگرتنیان بدەن**

هاووڵاتیـــان. لە لایەکی دیکـــەوە، ئەو هێزە مرۆییەی لەو کردارە کۆمەڵایەتییەدا بەکار دەهێنرێت، بەرهەمی ڕەنجەشـــانی کەســـەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەکار دەبەن. واتە لەلایەکەوە بەرهەم لە ناو دەبەن و، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمەکانی کۆمەڵگە بەفیڕۆ دەدەن.

پێویســـتە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە گوایە مەبەستی ئەو هەموو خەرجکردنانە لە سەر سوپا و هێزی بەرگری هێنانەدی و جێگیرکردنی ئاشتییە کە زۆر پێویستە بۆ گەشـــەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لێرەدا زۆرجار ئەو پرسیارە دێتەکایەوە کە ئایا هەموو ئەو خەرجییانە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئاشتییە، یا بیانووی دیکەی لە پشـــتەوە هەیە؟! لەمەڕ ئەم کێشـــەیەدا، نامەنتیقی بڕیاردەران و کارتێکەری کۆمپانیاکانی پیشەســـازی چەک بووەتە جێگەی مشتومڕ لە نێوان لێکۆڵەرەکاندا. بۆ نموونە نەخشەی سەرەوە ئەوە پیشان دەدات کە تەنیا خەرجی ســـوپای دوو وڵات(ئەمریکا و چین) لە ساڵی ٢٠١٣ نیوەی کۆی گشتی ($1,747bn) خەرجی هەموو جیهان بووە. ئەو دوو وڵاتەش لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا لە حاڵەتی جەنگدا نین.

بێگومان خەرجیی ســـەرەکیی جەنگ کاتێک دەست پێدەکات کە بە کردار وڵات دووچاری جەنگ دەبێتەوە، لەو کاتەدا ئەو دەزگایەی کە بۆ جەنگ ئامادە دەکرا لە کاتی ئاشتیدا دەکەوێتە کار، ئینجا ئایا ئەو جەنگە ســـەپێندراوە، یا وڵات دەستپێشخەری لە هەڵگیرسانیدا کردووە، لە سروشت و تێچووەکانی ناگۆڕێت؟

وڵات لـــە هەمـــوو بارێکـــی جەنگیدا پێویســـتی بە ســـەرچاوەی ئابووری هەیە بۆ ئەوەی جەنگەکە یا بە مەرامی خۆی بگات، یا کۆتایی پێ بێت. قورســـایی ئابووری جەنگ پەیوەســـتە بە درێـــژەی ماوەکەیەوە. هەتـــا زیاتر درێژە بخایەنێت، هێندە تێچووەکانی گرانتر دەبن و کارتێکەری ئابـــووری و کومەڵایەتییان زیاتر و درێژخایەنتـــر دەبێت. زۆربەی جـــار زۆری پێناچێت کـــە وڵات یەدەگی دارایی و ئابـــووری خۆی لە بن دەهێنێت. بۆیە سیاســـەتمەداران زۆر بە زوویی دەکەونە هەوڵی پەیداکردنی ســـەرچاوەی دارایی و ئابووری بۆ بەڕێوەبردنـــی جەنگ و خۆلادان لە شکســـت. بۆ ئەم مەبەســـتەش دوو ڕێگەی ئابـــووری هەن کە زۆربەی وڵاتانی جیهان دووچاری گرتنەبەری بوون.

یەکەم، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دیکەی دەوڵەت و هاووڵاتیان و بەکارهێنانی ئەو پاشـــەکەوتکردنە بۆ بەرەکانی جەنـــگ. تەنانەت زۆرجار کە جەنگ درێژە بخایەنێـــت، وڵاتان ناچار دەبن، خـــواردن و خواردنەوەش

سنووردار بکەن (Food rationing) کە لە کاتی جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەمدا زۆر باو بووە. بۆیە برسێتی و قات و قڕی لە نەهامەتییەکانی جەنگی درێژخایەندا دیاردەیەکی ئاسایی بووە.

دووەم، دەوڵەت ناچار دەبێت بە دوای سەرچاوەی داهاتی دیکەدا بگەڕێت. بۆ نموونە بەرزکردنەوەی یا دروستکردنی باج و خەراجی نوێ و تەنانەت پەنابردنە بەر قەرزکردن لە دەرەوەی وڵات. بێگومان هەردوو جۆری کردار دەچنە چوارچێوەی کەمکردنەوەی بەکاربردنی هاووڵاتییانەوە؛ یەکەمیان کەمکردنەوەی بەکاربردنی هەنوکەییە و دووەمیان کەمکردنەوەی بەکاربردنی پاشەڕۆژە.

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئابووری کاتی جەنگ پێویستی بەوەیە کەرتەکانی دیکەی ئابووری بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی سەرکەوتن لە جەنگدا بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە پێویستە دەکات پیشەسازییە مەدەنییەکان کەرەسەی جەنگ دروست بکەن، هێزی کار لەسەر کارەکانیان دەرکرێن و بۆ بەرەکانی جەنگ ڕەوانە بکرێن، سووتەمەنی و وزەی تایبەت بۆ جەنگ تەرخان بکرێ. لێرەشدا خەڵکێکی زۆری نیشتمان لەسەر کاری بەرهەمهێنانی خۆیان جێلەق دەکرێن و دەچنە بەرەکانی جەنگەوەو پێویستە بەردەوامییش بەم هێزە بدرێت. لە هەموو بارێکدا، ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگە و هاووڵاتیان بەرزدەبێتەوە، ئەمە جگە لە دەرئەنجامەکانی جەنگەکە خۆی کە زۆرجار دەبێتە مایەی ڕووخاندن و ماڵوێرانی کە ساڵانێکی درێژ و سەختیان دەوێت بۆ چاککردنەوەیان لە پاش جەنگدا. ئەزموونی جەنگی جیهانی دووەم بەتایبەتی ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی پیشەسازییە مەدەنییەکانی وەک مارسیدس و فۆڵکس واگن و تۆیۆتا و هۆندە و ئەوانی تر لە کاتی جەنگدا کەرەسە و ماشینی جەنگیان بەرهەم دەهێنا.

## ● کوردستان و جەنگێکی سەپێندراو

کوردستان جەنگێکی بەسەردا سەپێندراوە کە لە هیچ ڕوویەکەوە ئامادەکاری بۆ نەبووە. سەرەڕای دابەشبوونی هێزی بەرگری (هێزی پێشمەرگە) بە سەر حزبە سیاسییەکاندا، کوردستان ماوەی هەشت مانگە هیچ بودجەیەکی لە حکومەتی ناوەندییەوە پێ نەگەیشتووە. لە لایەکی دیکەوە هێزی پێشمەرگە نەک هەر بێبەشکراوە لە چەک و تەقەمەنی، بەڵکو مووچەی ئاسایی ڕۆژانەشی وەک هێزێکی بەرگری عێراقی پێنەدراوە. واتە ئەم جەنگە لە کاتێکدا ڕوویدا کە ئامادەکاری مرۆیی و دارایی لە خراپترین ئاستەکانیدا بوو.

خشتەی -٢-:ڕێژەی سەدی تێچووی تەندروستی لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەیی. ٢٠١٠-٢٠١٢

| وڵات | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ |
|---|---|---|---|
| عوممان | ٢,٦ | ٢,٤ | ٢,٨ |
| شانشینی سعودیە | ٣,٢ | ٣,٥ | ٤,٠ |
| باشووری سوودان | ٢,٦ | ١,٧ | ٢,١ |
| ئەفغانستان | ٨,٦ | ٨,٤ | ٨,٧ |
| ئیسرائیل | ٧,٥ | ٧,٦ | ٧,٦ |
| ئیماراتی عەرەبی | ٢,٨ | ٣,١ | ٣,٢ |
| ئازەربایجان | ٥,٤ | ٥,٠ | ٥,٣ |
| ڕووسیا | ٦,٣ | ٦,١ | ٦,٣ |
| یەمەن | ٥,٥ | ٥,٠ | ٥,١ |
| ئەمریکا | ١٧,٩ | ١٧,٧ | ١٧,٧ |
| ئوردن | ٩,٨ | ٨,٨ | ٨,٥ |
| سەنگاپورە | ٤,٧ | ٤,٢ | ٤,١ |

سەرچاوە: World Bank Development Indicator



**خەرجی سەرەکی جەنگ کاتێک دەست پێدەکات کە بە کردار وڵات دووچاری جەنگ دەبێتەوە، لەو کاتەدا ئەو دەزگایەی کە بۆ جەنگ ئامادە دەکرا لە کاتی ئاشتیدا دەکەوێتە کار، ئینجا ئایا ئەو جەنگە سەپێندراوە، یا وڵات دەستپێشخەری لە هەڵگیرسانیدا کردووە، لە سروشت و تێچووەکانی ناگۆڕێت**

**کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دیکەی دەوڵەت و هاووڵاتیان و بەکارهێنانی ئەو پاشەکەوت کردنە بۆ بەرەکانی جەنگ، تەنانەت زۆرجار کە جەنگ درێژە بخایەنێت، وڵاتان ناچار دەبن خواردن و خواردنەوەش سنووردار بکەن، ئابووری کاتی جەنگ پێویستی بەوەیە کەرتەکانی دیکەی ئابووری بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی سەرکەوتن لە جەنگدا بەکاربهێنرێن**

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەکایەوە کە ئایا حکومەتی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە لە بارێکی ئاوا نالەباردا چی بکات باشە؟ لەوەڵامدا، ئەزموونی وڵاتانی دیکە کە بە جەنگدا تێپەڕ بوون، ئەوە نیشان دەدەن کە دەبێت حکومەت، کەم تا زۆر، هەڵبستێ بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١. کەمکردنەوەو عاقڵانەکردنی خەرجییەکانی دامودەزگاکانی خۆی و ئەو خەرجییانە بنەبڕ بکات کە کۆمەک بە هەڵمەتی جەنگ ناگەیەنن.

٢. کەمکردنەوەو لابردنی پشتگیرییەکانی کەرتەکانی دیکەی ئابووری ئەگەر راستەوخۆ لە خزمەتی جەنگدا نەبن. وەک پاڵپشتییەکانی کەرتەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و...تاد.

٣. راگرتنی بەرنامەی تواناسازی و پشتگیریکردنی ناردنە دەرەوەی قوتابیان بۆ مەبەستی خوێندن.

٤. لابردنی پشتگیرییەکانی وزەی بەکاربردن بەتایبەتی بەنزین و گازۆلین.

٥. بەرزکردنەوەی باجی داهاتی تاکەکەس و کۆمپانیاکان و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سەرکەوتن لە جەنگدا.

٦. بەرزکردنەوەی نرخی ئەو بەرهەمانەی کە حکومەت دەیانفرۆشێ وەک ئاو و وزەی کارەبا و...تاد.

لەو هەنگاوانەی سەرەوە کە دەستنیشانکران، دووانیان دەتوانن رۆڵی گرنگیان هەبێت لە چاکسازی حکومەت و داهاتەکانیدا کە پێویستیان بە شیکردنەوەو لێدوانی تایبەت هەیە. ئەو دوو لایەنەش سیاسەتی بە عاقڵانەکردنی خەرجییەکانی حکومەت (خاڵی یەک) و دامەزراندنی سیستەمی باجی داهاتە (خاڵی دوو). بە کورتی، سیاسەتی خەرجی حکومەتی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا لە هەردوو رووی خەرج و داهاتەوە زۆر نابەجێ و ناهاوچەرخانە بووە. لەلایەک دامودەزگاکانی حکومەت بەکارهێنراون بۆ دامەزراندن و شاردنەوەی بێکاری بە رادەیەک وایکردووە زیاتر لە ٧٠ ٪ی بودجەی حکومەت بەکاربهێنرێت بۆ مووچە و کۆمەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش کردارێکی بێ وێنەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا. خشتەی ژمارە سێ هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان نیشان دەدات کە خەرجی حکومەت تێیاندا لە ٤٠٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی تێپەڕ دەکات. ئەو ئامارە ئەوە نیشاندەدات کە لە جیهاندا تەنیا دوو وڵات خەرجیان لە ٥٠٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی تێپەڕ دەکات، خەرجی حکومەت لە هیچ وڵاتێکدا ناگاتە ریژەی خەرجی حکومەتی کوردستان. بۆیە پێویست دەکات شێوەی خەرجکردنی بودجەی ئێستای حکومەتی کوردستان بە شێوەیەکی نائاساییی لە قەڵەم بدرێت کە لە شێوازی حوکمڕانی لە جیهاندا وێنەی نییە.

لە لایەکی دیکەوە سیستەمی باجی داهات پشتگوێ خراوەو حکومەت تەنیا پشت دەبەستێت بە داهاتی نەوت کە بڕەکەی لە حکومەتی ناوەندەوە دێتە کوردستان. کاردانەوە ناحەزەکانی یەکەم ئەوەیە کە کەلتووری دامەزراندن زۆربەی هێزی کاری کردووە بە مشەخۆری دەوڵەت و هەموو کەس چاویان بڕیوەتە حکومەت بۆ دامەزراندن، کار دروستکردن و کار دۆزینەوە وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ون بووە. لایەنێکی ناحەزی دیکەی ئەو سیاسەتە دابڕینی خوێندن و پەروەردەیە لە دروستکرن و ئامادەکردنی هێزی کاری کارامە کە بەکەڵکی کاری راستەقینە بێت. لێرەدا بڕوانامە جێگەی فێربوون و لێزانینی

کارامەی گرتووەتەوە و مەبەستی پەروەردەو خوێندنی باڵا شێوێندراوە. لە رووی کۆمەڵگەوە، زۆربەی زۆری هێزی کار لە دەرەوەی کەرتی گشـــتی بەرهەمهێنەر نیـــن و بەها -بە واتا ئابورییەکەی - دروســـت ناکەن کە حکومـــەت کەڵکیان لێ وەربگرێـــت و لە رووی باجەوە ســـوودیان بۆ کەرتی گشـــتی هەبێت، بەڵکو باشترین و گورج و گۆڵترین توێژی هێزی کار لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا گیردراون و سیســـتەمی باج لێیان بێبەشە.

دەرئەنجامی نەبوونی سیستەمی باج لە رووی ئابوورییەوە بووەتە مایەی دروستکردنی حکومەتی کرێ وەرگر (Rentier State) و لەپـــردا دروســـتبوونی توێژێکی دەوڵەمەندی بێ کەلتوور. لەکاتی تەنگانەشدا وەک ئێســـتای کوردســـتان، حکومەت دەستەوەستان ماوەو ناتوانێت بە بێ داهاتی نەوت خەرجییە بنەڕەتییەکانی حکومەت دابین بکات. لە رووی سیاسیشەوە نەبوونی سیستەمی باجی داهات، پرۆسەی دیموکراسی ئیفلیج کردووە کە ئێرە جێگەی شیکرنەوەی نییە.

لـــە کۆتاییـــدا پێویســـتە ئـــەوە دووبـــارە بکەینەوە کـــە حکومەتـــی هاوچەرخ پێویســـتی بـــە داهاتی فرەســـەرچاوەیە بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی جەنـــگ و مەترسییە ســـتراتیژییەکانی لە ســـەر بوونی نەتەوە. گرنگترین ســـەرچاوەی حکومەتیش باجـــی داهاتە. بۆیە دەبێت حکومەتی کوردستان سیستەمێکی باجی پێشـــکەوتووانە دابمەزرێنێت و هەوڵبدات لە پشتبەستن لە داهاتـــی تاکە کەرت خۆی لابـــدات. لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی راپەڕێنێت، پێویستە خەرجەکانی خۆی عاقڵانە بکاتەوەو کەلتووری دامەزراندن بگۆڕێت بە کەلتووری کاردروســـتکردن و جێگە دۆزینەوە بۆ وزەی داهێنانی هێزی کاری کوردستان.

پێویســـتە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت، کە زۆر جێگەی سەرســـوڕمانە کە هەندێ سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمان لە کاتێکی ئاوا تەنگانەدا داوای نزمکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و بەرزکردنەوەی کۆمەکی حکومەت دەکەن بۆ بەکاربردنی وزەی هاوڵاتییانی ئاســـایی تا ئەو رادەیەی خەڵکان بۆ مەبەســـتی سیاســـی بهێننە ســـەر جادە و هانی مانگرتنیان بدەن. ئەو شـــیکردنەوە کورتەی ئەم وتارە ئەوە نیشـــان دەدات کە ئەو هەوڵانە جگە لە ســـاویلکەیەتی سیاســـی و زانستی ئابووری ئەوە دەخەنەڕوو کە بەداخەوە ئەو کەســـانە لە ئاســـتی بەرپرســـیارێتی مێژوویی ئەم قۆناغەی کوردســـتاندا نین.

خشتەی-٣-: ئەو وڵاتانەی کە خەرجی حکومەتیان لە ٤٠٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی زیاترە: تێکڕای ٢٠٠٩-٢٠١٣

| وڵات | GDP % |
|---|---|
| ئەفغانستان | ٤١,٥ |
| بەلجیکا | ٤٦,٣ |
| قوبرس | ٤٤,٢ |
| دانیمارک | ٤٤,١ |
| فینلەندا | ٤٠,٦ |
| فەرەنسا | ٤٨,٣ |
| یۆنان | ٥٤,٠ |
| هەنگاریا | ٤٤,٣ |
| ئیتالیا | ٤٢,٠ |
| کیرباتی | ٦٢,٤ |
| لۆگسومبۆرگ | ٤١,٠ |
|ماڵتا | ٤٢,٧ |
| هۆڵەندە | ٤٥,١ |
| نیوزیلەندا | ٤٦,٣ |
| پورتوگال | ٤٣,٨ |
| سیربیا | ٤٢,٠ |
| سلۆڤینیا | ٤٣,١ |
| ئۆکرانیا | ٤٠,٩ |
| بەریتانیا | ٤٤,٧ |

سەرچاوە: The World Bank Data 2014




# پلانی کورت مەودا و درێژخایەنی ئابووری لە بارودۆخی شەڕدا

**خۆئامادەکردن بۆ بارودۆخی ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و ئابووریدا، پرسێکی زۆر گرنگ و هەنوکەییە و گۆڤاری گوڵان بە پێویستی زانی بە شێوەیەکی بابەتییانە و زانستی بەدواداچوونی بکات، بۆ ئەوەی رێکارەکانی چارەسەری بنەڕەتی ئەو قەیرانە دەستنیشان بکرێت. لەم راپۆرتەشدا لە سەر زاری چەندین کەسایەتی ئەکادیمی ئەو پرسە زیاتر تاوتوێ دەکرێ، بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە دارشتنی یاسا و پلانرێژکردنی بەرنامەکاندا حیسابی جددیتر بۆ مەترسییە لەناکاوەکان و هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بکەن.**



لە سەرەتاکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سەرەڕای گەمارۆ ئابوورییەکان، کوردستان ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی ئابووری هەبووە، ئەمڕۆش بەسوودوەرگرتن لە دەستکەوتە نوێیەکانی نەوت و غاز هەنگاوەکانی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری نراوە، ئەم واقیعەش بوو کە وایکرد کوردستان بە بەراورد بەناوچەکانی دیکەی عێراق لە رووی ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییەکانی کارەباو ئاو و تەندروستییەوە جیاواز بێت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی داعش دژ بە کوردستان و برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەغدا بەسەر هەرێمی کوردستاندا، قەیرانی نەمانی سیولەی نەختینەیی لە بانکەکانی هەرێم و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت سەری هەڵدا .

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەو زاڵبوون بەسەر گرفتی کەمی سیولەی نەختینەیی کۆمەڵێك رێوشوێنی کاتیی گرتەبەر، لەوانە: کەمکردنەوەی خەرجییەکانی و راگرتنی ئەنجامدانی پڕۆژەکان و فرۆشتنی نەوت و تەنانەت پەنای بردە بەر قەرزی ناوخۆیی و دەرەکیش. لە ئێستاشدا هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ قۆناغی داهاتوو خۆی زێتر ئامادە بکات، بەتایبەتی لە بواری بەدەستهێنانی سیولەی نەختینەیی و بەدیهێنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ، لەکاتێکدا کە رووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردستانییەکان و خەڵکی ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان .

سەبارەت بە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ ئەو بارودۆخە و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری، پڕۆفیسۆر هۆشیار مەعروف لە زانکۆی لوبنانی — فەرەنسی، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، ئاماژەی بەوە کرد کە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم بارودۆخە و شەڕی تیرۆر و دەربازبوون لە گەمارۆی ئابووری پێویستی بە پلانێکی کورتخایەن و پلانێکی درێژخایەن هەیە، هاوکات گوتی: «گرنگە کاتێك پلانی کورت مەودا جێبەجێ



پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف:

**دانانی سندوقێکی تایبەت بە کۆکردنەوەی پارەو داهات بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەر و مەترسییەک بە پێداویستییەکی سەرەکیی ئەم قۆناغە دادەنرێت**



دکتۆر جەودەت جەعفەر:

**بوونی سیولەی نەختینەیی وەکو خوێن وایە لەناو دەمارەکانی ئابووریدا هەر بۆیە دەبێت بەدوای ئەلتەرناتیڤی بانکی ناوەندیدا بگەڕێین**

دەکەین، لە دارشتنی پلانی دوورمەودا دوورنەکەوینەوە. هەردوو پلانەکەش پێویستە وەڵامی پرسیارێکی گەوهەریی بداتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن سەرچاوەی داهات و دارایی پەیدا بکەین؟ بۆیە بۆ ئەم بارودۆخە دانانی سندوقێکی تایبەت بە کۆکردنەوەی پارەو داهات بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەر و مەترسییەك بە پێداویستیەکی گرنگ دادەنرێت. ئەمەش واتە سندوقی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان کە تێیدا بودجەو یەدەگی دراوی بیانی و ناوخۆیی تێدا بێت، بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و شەڕە چاوەڕواننەکراوەکان»، گوتیشی: «رەنگە سیاسەتمەداران ئەو پرسیارە لە ئێمەی ئابووریناسان بکەن، کە چۆن ئەو سندوقە پڕ لەپارەو داهات دەکرێت؟ ئالێرەدا مەسەلەی هەردوو پلانی کورتخایەن و درێژخایەن دێتەپێشەوە، ئەو پلانانەی کە سوود لەسەرچاوە جیاجیاکان و کەرتە جۆراوجۆرەکان وەردەگرێت، بەتایبەت لەهەردوو کەرتی نەوت و غاز و کرێی خزمەتگوزاری و داهاتی وەزارەتەکان، دووبارە رێکخستنەوەی کۆکردنەوەی داهات و رسومات و کرێیەکانی وەزارەتەکان لە ریزبەندی پێشەوەی کاری حکومەتی هەرێم دێت، واتا ئێمە تەنیا پشت بە هەردوو بواری نەوت و غازی سروشتی نابەستین، بەڵکو سەرچاوەی داهاتی جۆراوجۆر پەیدا دەکەین. بۆ ئەمەش زۆر پێویستە سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوبەرایەتییەکیان تایبەت بە داهاتەکانیان هەبێت و راستەوخۆ بە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانانەوە ببەسترێنەوە» .

پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی ژینگەیەکی لەباری پێشکەوتنی هەرسێ کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیارییە کە تەنیا بەپاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی کەرتی تایبەتی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی دەبێتە خاوەنی داهاتێکی باجی باش و سیولەی نەختینەیش لە هەرێمەکەدا ناچێتە وڵاتانی دەوروبەر، گوتیشی: «لەگەڵ هەنگاوە سەرەتاییەکانی پێشخستنی هەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی پێویستیمان بە کۆمەڵێك بەرنامەو پلانی دیکە دەبێت، بۆ نموونە ئێمە لە هەرێمی کوردستان خاوەنی پانتاییە دەشتییەکانی نێوان چیاکانین، کە دەکرێت لەو شوێنانە ئەمباری گەورەی سووتەمەنی و بەنزین و پاڵاوتگەکان دابمەزرێنین». ئەوشی دووپات کردەوە کە «لەجێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانی حکومەتی هەرێمدا بوونی کەسی شارەزا و پرۆڤیشناڵ بە بنەمای سەرەکی بۆ سەرکەوتنی بەرنامە و پلانە کورتخایەن و درێژخایەنەکان دادەنرێ».

دکتۆر جەودەت جەعفەر شارەزا لە بواری دارایی و نەختینەیی، خوێندنەوەی خۆی بۆ واقیعە ئابوورییەکەی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتی دارایی و نەختینەیی هەبوو، پێشبینیابوو «ئەم کێشەیە کاتییە، بەڵام زەمانەت نییە بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی».

هەر لەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «کێشەی دارایی و ئابووری رەنگدانەوەی کێشە سیاسییەکانی بەغدا و ململانێکانێتی لەگەڵ کوردستان، چونکە لەلایەك هەرێمی کوردستان لە رووی دارایی و نەختینەییەوە بەشێکە لە عێراق و لەلایەکی ترەوە بەغدا گەمارۆی ئابووری بەسەر هەرێمەکەدا جێبەجێ دەکات، هەربۆیە دۆزینەوەی میکانیزمێکی زانستی بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە کارێکی ئاستەمە»، گوتیشی: «ئێمە سەربەخۆ نین تاوەکو بە میکانیزمی بانکی ناوەندی و یەدەگی دراو چارەسەری دۆخەکە بکەین، لەلایەکی ترەوە لە فرۆشتنی نەوتەکەشدا گرفتمان بۆ دروست دەکەن، هەربۆیە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان لەگەڵ بەغدا و ناردنی سلفەی بەشە بودجە گرفتەکان راستەوخۆ چارەسەر دەبن و شوێنەوارەکانیشی لەسەر بازاڕەکانی کوردستان و ئابوورییەکەی کەم دەبێتەوە. بوونی سیولەی نەختینەیی وەکو خوێن وایە لەناو دەمارەکانی ئابووریدا، هەربۆیە دەبێت بە دوای ئەلتەرناتیڤی بانکی ناوەندیدا بگەڕێین، کە لەم واقیعەدا زۆر زەحمەتە، بەڵام ئاستەم نییەو دەبێت هەوڵی بۆ بدەین».

لە لای خۆیەوە دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی توێژەری ئابووری عێراقی، سەبارەت بەو گەمارۆ ئابوورییەی لەلایەن بەغداوە خراوەتە سەرکوردستان، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «بڕینی مووچەی فەرمانبەران و نەدانی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، ئەمە نەك تەنیا گەمارۆی ئابوورییە، بەڵکو شەڕێکی ئابووریشە و لەکاتێکدایە کە بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر پێشمەرگەی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەدان، ئەمانە هەمووی کاردانەوەی سلبیی ئابووری و دارایی و بگرە دەروونیشی لەسەر خەڵکی و وەبەرهێنەران و سەرمایەدار و بازاڕ هەبووە، ئەو شێواز و رێگەچارەیەش کە دەکرێت پەیڕەوی بکەین لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو فشار و شوێنەوارە نائاساییەی کە لەسەر کوردستان سەپێنراوە، دەکرێت بە سێ هەنگاو پیادە بکرێت. سەرەتا پێویستە سەرمایەی ناوخۆی هەرێم کە سەرمایەیەکی کەم نییە، جووڵەی پێ بکرێت، کە ئێستا لە ترسی خراپبوونی

زیاتری بارودۆخەکە نەخراوەتە ناو پرۆسەی جموجوولی بازاڕ و ئابوورییەوە، خۆ هەموو خەڵکی مووچەخۆر نییە لەلای حکومەت، بەشێکی زۆری خەڵکی خاوەنی داهات و پارەو سەرمایەیە کە بەداخەوە لەم بارودۆخە هەندێك مەترسییان هەیە و کەمتر جووڵە بە سەرمایەکانیان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی وڵاتانی گەورەی جیهان پاڵپشتیی هەرێم دەکەن بۆ لێدانی تیرۆریستان، ئەمەش مانای ئەوەیە مەترسییەکە زیاد لەقەبارەی خۆی لە راگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و تویتەرەوە گەورە کراوە، کەواتە خاڵی سەرەکی پێویستە لە راگەیاندنەکانەوە دەستپێبکرێت و بارودۆخە شێواوەکە راست بکرێتەوە، لەلایەکی ترەوە پێویستە هانی سەرمایەی دەرەکی بدرێتەوە بۆ ئەوەی روو بکەنەوە ناو هەرێمی کوردستان بە پێدانی ئیمتیازات و ئاسانکاری، خاڵی سێیەمیش مەرجە حکومەت مووچەی مووچەخۆران دابین بکات و لەکاتی خۆیدا دابەشی بکات و چاوخشاندنەوەیەکیش بەو مووچە کەمانەدا بکات کە بەپێی هەڵاوسانی نرخەکانی بازاڕ نین، بەمەش لەچوارچێوەی بازنەی هەژاری و کەمی داهات زۆرینە دەرباز دەکەین و جووڵەی بازاڕ دەست پێ دەکاتەوە. بەرپرسانی پێوەندیدار پێویستە لەو سێ خاڵەی کە تایبەتە بە دووبارە جووڵاندنەوەی سەرمایەی ناوخۆ و راکێشانی سەرمایەی دەرەکی و پێدانی مووچە بە مووچەخۆران دەست پێ بکەن».


ئابووریناس دکتۆر وەسفی تاهیر راگری کۆلێژەی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، لە دەستپێکی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، هێما بۆ پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هەریەك لەوڵاتانی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە رێگەی هێڵی ئاسمانییەوە دەکات و دەڵێت: «ئەو پێوەندییانە پێشکەوتنی باشیان بەخۆوە بینیوە و نابێت بە کەم سەیر بکرێت». سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی کەمی سیولە و دەربازبوون لەو گەمارۆ ئابوورییەی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستانیش کە خۆی لە ماوەی ساڵێك نزیك دەکاتەوە، گوتی: «ئەمڕۆ دەیان گەورە کۆمپانیای وڵاتانی دەوروبەر و پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستاندان و باڵیۆز و کونسوڵخانەکانیان پاڵپشتییان لێدەکەن و هانی وەبەرهێنان و بازرگانییان دەدەن، هەرێمی کوردستانیش خاوەنی دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و دەیان خاڵی سنوورییە، هەربۆیە دووبارە چاوخشاندنەوە بەو ناوچە سنوورییانە و رێکخستنی هاتوچۆ و ئاسانکاری بەگەڕخستنی وەبەرهێنان رۆڵی خۆی دەبێت لە پێشکەوتنی پێوەندییە بازرگانییەکان و بەدەستهێنانی سیولەی نەختینەیی، بەتایبەتی لەکاتێکدا هێندێك رووبەری هەرێمی کوردستان زەوی و ژمارەی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هاتۆتەوە سەر کوردستان کە ئەمە بازاڕێکی فراوانتر و گەورەترە بۆ جموجوولی بازاڕ و ئابووری دروست دەکات». زیاتر گوتی: «من هەرچەندە پاڵپشتی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت و فرۆشتنی دەکەم، بەڵام ئەمە نابێت ببێتە تەنیا سەرچاوەیەکی داهات، چونکە مەسەلەی نەوت و فرۆشتنی هێشتا لە چوارچێوەی ململانێ ئاڵۆزەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانە، بەڵام پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و وڵاتانی بیانی بەتایبەتی هەردوو وڵاتی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هچ رێگرییەکی سیاسی و ئابووری لەبەردەمدا نییە، بەتایبەتی ئێمە باس لە پێوەندییەك لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە دەکەین، کە بەو پێوەندییانە بازاڕی ئابووری فراوانتر و کراوەتر و ئارامتر بۆ هەرێم دەکرێتەوە».

ئەو ئابووریناسە رایوایە «گرفتی سەرەکیی ئابووری هەرێمی کوردستان، ونبوونی ئەو پلان و بەرنامە ئابوورییانەیە کە زیاد لەپێویست گەشبینە و هیچ حسابێکی بۆ ئەگەرە نەخوازراو و پێشبینییە خراپەکان نەکردووە و مەترسییە لەناکاوەکان فەرامۆشکراون. گوتیشی: «پێم سەیرە کاتێك پلان بۆ بودجە و خەرجییەکان دادەنێین، زۆر گەشبینین، هەر ئەم هەڵە ئابوورییەش بوو وایکرد لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەی ئابووری هەرێم بەخۆیەوە بینیوە، کەچی رووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووەوە، کێشەی مووچە و بودجە کاتێك سەریهەڵدا کە ئێمە گەشبین بووین بەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ئەلتەرناتیڤی بودجەی بەغدا دەبێت و پێویستمان بە پاشکەوتەی حکومەتی ناوەند نامێنێت، هاوکات دەبێت حیساب بۆ ئەگەرە نەخوازراو و مەترسییە لە ناکاوەکان بکرێت، لەناوخۆی هەرێمیشدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زۆری فەرمانبەرانی حکوومی پێویستە بە هاوشێوەی ئەزموونەکانی وڵاتانی دی دووبارە چاوخشاندنەوە بە رێنمایی و یاساکانی خانەنشینی بکەین و ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی حکوومی هانبدرێن خۆیان خانەنشین بکەن، چونکە مووچەی خانەنشینی کەمترە لە مووچەی فەرمانبەر و بەمەش بە بڕە پارەیەکی کەم لە فەرمانبەرێکی زیادە دەربازمان دەبێت. هەروەها پێویستە چاوخشاندنەوە بەمووچە بەرزەکاندا بکرێت، لەبری ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەرانیش دامەزرێنین، کەرتەکان بەرەو بەتایبەتکردن ببەین».



دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی:

**چەندە گەمارۆی ئابووری کاریگەری لەسەر هەرێم هەیە ئەوەندەش وەزارەتەکان لە بەدەستهێنانی داهات و بڕەپارەی پێویست کەمتەرخەمن**



دکتۆر وەسفی تاهیر:

**لەدانانی پلانی ئابووری و پێشبینییەکانی ئایندە نابێت حساب بۆ ئەگەرە نەخوازراو و مەترسییە لەناکاوەکان نەکرێت**

# چۆن داعش بوو بەو مەترسییەی هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتیی جیهان بکات؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**● داعش چۆن سەری هەڵدا؟**

داعش بە شێوەیەکی کتوپڕ لە سەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان لە عێراق و سوریا لە نیوەی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم سەری هەڵنەدا، بەڵکو لەدایکبووی شەرعیی ڕێکخراوی تاوانباری ئەلقاعیدە بوو کە بە کردەنی لە دەیەی هەشتەمی سەدەی بیست بە یارمەتیی فراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیەو پاکستان لە سەردەمی شەڕیاندا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و حکومەتی ئەفغانستان دامەزرا. ڕێکخراوی داعش لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیە لە ئەلقاعیدە جودا بووەوە، بۆیە جودا لە بەرەی نوسرە دەستی بە چالاکییەکانی کرد، لە سەرەتای سەدەی تازەشدا ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانی کە بە ڕەچەڵەك لە دەوڵەتانی عەرەبی بوون و لە ئەفغانستان لە سەردەستی ئەم ڕێکخراوە لە سایەی دەوڵەتی تاڵیبان مەشقیان کردبوو، ڕەوانەی عێراقی کردن، ئەمەش بە ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەندراو بوو لەگەڵ دەزگای ئەمنیی تایبەتی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر، کە لە سەرووی هەموویانەوە تیرۆریستی ئوردنی ئەبو موسعەب زەرقاوی بوو، ڕژێمی سەدامیش ئاگای لە جووڵە و ڕێکخستنەکانی ئەلقاعیدە هەبوو، کاتێکیش تاوانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕووی دا، سەدام حوسێن درکی بە مەترسییەکانی شەڕی تازە کرد، کە نەبادا ڕژێمە سیاسی و سەرکوتکارەکەی بڕووخێنێت، بۆیە بەپێی پلانێکی دیاریکراو و چاودێرییەکی توندەوە ئەم هێزانەی لە باوەش گرت و بوونیانی لە عێراق ڕێکخست، هەروەها کاتێك ئاگری شەڕ لە ڕژێمەکەی نزیك بووەوە، هەموو زیندانییەکانی مافی گشتیی ئازاد کرد، بە مەبەستی ئەوەی لە حاڵەتی ڕووخانی دیکتاتۆریەتی بەعسدا لە نانەوەی ئاژاوە لە عێراق سوودیان لێ ببینێت، ئەم کارە تاوانکارییەی ڕژێمی بەعس بە هۆشیاری و پلان و ڕێکخستنی ئیدارەی ئەمریکا بە بەرپاکردنی شەڕ دژی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تەواو کرا. ئەوە بوو ژمارەیکی زۆری ئیسلامییە توندڕۆ و تەکفیرییە بکوژەکانی هێنایە عێراق تاکو دوور لە سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا، لەسەر خاکی عێراق شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا بکەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی تایبەتی بینی لە ئەکتیڤکردنی ناکۆکیی تایفی لە عێراق و توندکردنی ململانێکانی نێوان حزبە سیاسییە تایفەگەرەکانی شیعە و سوننە، ئەمەش لە میانی دامەزراندنی ڕژێمێکی سیاسیی تایفەگەری و پشکایەتی لە عێراقدا، لە ڕاستیدا ئەو چاك دەیزانی سەرەتا ئەم ململانێیە و مەرامی هێزە تایفییەکان لە هەمبەر فیدرالییەتی کوردستان دێتەکایەوە، چونکە هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان لە ناخەوە بڕوایان بە بوون و مافی نەتەوەکان نییە، سەرباری ئەوەش کە لە دەسەڵاتدا دەبن زیاتر شۆڤینییانە ڕەفتار دەکەن، بەم شێوەیە توانرا گورزێکی کوشندەو وێرانکەر لە ناسنامەی نیشتمانی و هاووڵاتیبوونی عێراقی بدرێت، بۆیە ناسنامەی لاوەکی سەری هەڵدا و لە دواییشدا بووە هۆی ئەوەی ململانێی توندو خوێناوی بێتەئاراوە کە بە سەدان هەزار خەڵکی بێتاوانی کردە قوربانی و ئەوەندەی دیکەشی بریندار و پەککەوتە و کەمئەندام و دەربەدەر و ئاوارە کرد.

توندبوونی ململانێی عەرەبی شیعە و سوننە لەسەر ئاستی حزبە فەرمانڕەواکان و میلیشیاکانیان لەلایەکەوەو ناکۆکیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکان لە لایەکی دیکەوە، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی تایفەگەری و شۆڤینیی سەرۆکی حکومەت (نوری مالیکی) و دەوروبەرەکەی، سەری کێشا بۆ تێکەڵبوونی کارتەکان لە نێوان داخوازییە ڕەواکانی توێژە فراوانەکانی خەڵك و پارێزگاکانی خۆرئاوای عێراق و لەگەڵ هێزە تیرۆریستەکان کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو داخوازییانە بکەنە موڵکی خۆیان، بۆیە هەندێ لە خەڵکی عەرەبی سوننە بە هەڵە لەوە گەیشتبوون کە ئەم هێزە تیرۆریستانە دەتوانن داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن لە بەرامبەر ئەو حوکمەی کە هەندێ حزبی شیعی بەڕێوەی دەبەن و لە هەموو مافەکانیان بێبەشیان کردوون و داخوازییەکانیان جێبەجێ ناکەن،

بۆیە هەرچەند حکومەتی فیدراڵ ئاستەنگی خستبایەتە بەردەم بەدیهێنانی ئەو داخوازییانە، ئەوەندە یەکانگیری و هاوکاریی نێوان هێزە میللییەکان و هێزە تیرۆریستەکان بەهێزتر دەبوو، بە جۆرێك کە بە زەحمەت دەتوانرا جیاوازییان لە نێواندا بکرێت.

**● ڕێکخراوی داعش چۆن و بە چ شێوەیەك هاتەئاراوە؟**

ئەم پەرەسەندن و ئەو هێرشە بەربڵاوەی داعش بۆ عێراق لە فەللوجە و دواتر موسڵ و زۆر شارۆچکە و شارەدێی ئەو پارێزگایە، هەروەها پارێزگای سەلاحەدین و ئەنبار سەری نەدەگرت، ئەگەر چەند فاکتەرێکی جەوهەری نەبوونایە کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١- پلان و بەرنامەی سەرکوتکارانەی نوری مالکیی سەرۆك وەزیران و سیاسەتی تایفەگەری و شۆڤینیی هەڵە و مەترسیداری ئەو بەرپرسە لەهەمبەر خەڵکی پارێزگاکانی خۆرئاوا و موسڵ لەلایەك ودژی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، هەروەها بنیادنانی سوپای عێراق و هێزەکانی دیکەی چەکدار لەسەر بنەمای تایفەگەری، کە بووە هۆی لاوازکردنی حکومەتی فیدراڵ و ڕەتکردنەوەی لەلایەن ڕێژەیەکی زۆری گەلی عێراق کە دواتر کوشتن و تیرۆرکردنی بەدوادا هات لەسەر ناسنامەی ئایینی و مەزهەبی، کە مەترسیی زیاتر بۆ ئەوە بوو کوردو عەرەب بە یەکدا بدات، ئەمە لە پاڵ ئەوەی کە نوری مالکی ڕێگربوو لەبەر دەم پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە تاکو ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرانە ببێتەوە، ئەو زیاتر هێزەکانی لە موسڵ کۆکردەوە وەك بڵێی بۆ پاراستنی موسڵ نەبێت، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بێت.

٢- ڕۆڵی شەڕانخوازیی هەندێ دەوڵەتی دەوروبەر، بەتایبەتیش سعودیەو قەتەر و زۆری دیکەی سەرمایەدار لە دەوڵەتانی کەنداو و ڕێکخراوە ئیسلامی و سیاسییە توندڕۆکان لە دەرەوە لەوانەش ڕێکخستنی ئیخوان موسلمین، هەروەها تورکیا و ئێران، ئەم ڕۆڵەی ئەوانیش بە چەندین ئاراستە بوو:

أ) دابینکردنی سامانی پێویست بۆ تەیارکردنی سەربازی زیاتر تاکو لە شەڕی دوژمنکارانە دژی گەلانی ناوچەکە بەشدارییان پێ بکەن.

ب) دابینکردنی تازەترین چەکی ئاسایی و تەقەمەنی و یارمەتیی لۆجیستیی پێویست.

ج) ڕەخساندنی بوار بۆ ژمارەیەکی زۆری خۆبەخش و سەربازی بکوژ لە عەرەب و موسڵمانان لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەی کە زۆرینەیان موسڵمانن، یان لە وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا کە ژمارەیان بە هەزاران مەزەندە دەکرێت.

د) ڕۆڵی پڕ لە شەرمەزاریی شێخ و مەلا توندڕۆکانی ئایینی ئەوانەی فەتوای توندوتیژیی ئایینییان دەردەکرد بە پاساوی پاراستنی ئایین لە کافرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و دژ بە دەوڵەتانی خۆرئاوا. ئەمەش بووە هۆی کوشتنی زۆر لە مەسیحی و سابئەی مەندائی و ئێزدییەکان لە ماوەی رابردوودا، هەروەها لە پەلاماردان و داگیرکردنی موسڵ کە کرداری پاکتاوی ڕەگەزی و ئیتنی و ئاوارەکردن و جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تێدا ئەنجامدراو تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

هـ) گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی کە وڵاتی گرتەوەو بوو بە سیستەمێکی باو کە لەسەر هەموو ئاست و بوارەکانی دەوڵەت و هەر سێ دەسەڵات و دەزگاکانیان و نێو کۆمەڵگە مامەڵەیان پێ دەکرێت، ئەمەش وایکرد چەندین هێزی تیرۆریست بێنێتە ناو گۆڕەپانەکەوەو سەدان کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدرێت.

٣- ڕۆڵی نەرێنیی ناڕەوای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ململانێی سەخت و کۆمەڵکوژی لە سوریا و بە جدی کارنەکردن بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوژراوی لێکەوتۆتەوەو شەش ملیۆنیشی ئاوارەی ناوەوەو دەوڵەتانی دراوسێ و جیهان کردووە، هەروەها هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و سووریا نابەرپرسیارانە بوو، کە بووە هۆی ئەوەی کوشتار بەردەوام بێت و هیچ ئەنجامێکی ئاشتەوایی بەدەر نەکەوێت، لە کاتێکدا کە ئەم خەمساردییە هێزەکانی تیرۆری بەهێزکرد و توانییان چەك و تەقەمەنی و پارەی زیاتریان دەست بکەوێت و لە کوشتن و کۆمەڵکوژیدا بەشداریی زیاتر بکەن.

**● بۆچی جیهان بۆ شەڕ دژی داعش هاتە دەنگ؟**

ئەو هێرش و پەلامارو داگیرکردنەی بەسەر موسڵ و زۆربەی شارۆچکەو شارەدێ و گوندەکانیاندا هات، هەروەها ڕووەو کەرکووك و ئەنبار و سەلاحەدین و بەهێزکردنی پێگەکانیان لە فەللوجەو شوێنەکانی دیکە و هەڕەشەکردن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەموویان دەرئەنجامی لۆژیکی ئەو فاکتەرە بنەڕەتییانە بوون، بەڵام فاکتەری سەرەکی و ناوەندی کە هەموو فاکتەرەکانی دیکەی وروژاند و یارمەتی دان تاکو ئەو قەیرانەی ئێستای عێراقی لێ بکەوێتەوە، ئەو سیستەمە تایفەگەری و پشکایەتییە بوو لە دابەشکردنی پلە و پایەو پۆست و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای تایفەگەری و ئیتنی کە تا ئێستاش کاری پێ دەکرێت و ناسنامەی نیشتمانیی کۆمەڵگەی پەراوێزکرد، بەڵام دوای ئەوەی ڕێکخراوی داعش بە کردەوەی خوێناوی و دڕندانە زیاتر فراوان بوو، هەروەها بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر خودی ئەو دەوڵەتانەی خۆرئاوا لە ئەگەری گەڕانەوەی ئەو کەسانەی لە عێراق و سوریا لە ریزی داعشدا بوون بۆ وڵاتەکانی خۆیان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕێکخستنی تیرۆر، ئا لەو کاتەدا زەنگی مەترسی لە ئەمریکا و ئەورووپا لێیدا، بۆیە پێشینان ڕاستیان گوتووە «ئەوی بیر بۆ یەکێك لێ بدات ڕۆژێك دێت خۆی بکەوێتە ناویەوە». کەواتە ڕێکخراوی داعش لە ئێستادا هەڕەشە لە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو دەکات، هەروەها دەبێتە هەڕەشە بۆ قەتەر کە هەر فەرمانڕەوا و سیاسەتمەدارانی ئەو دەوڵەتە بوون پاڵپشتییان لە بیری ئیخوان موسلمینی توندڕۆ دەکرد و ڕەفتاری دەستتێوەردان و توندوتیژییان دژی دەوڵەتانی دیکە پەیڕەوکرد. ئەمڕۆش ویلایەتە یەکگرتووەکان هانی دەوڵەتانی زیاتر دەدات، لەوانە ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداربوون لەم ڕەوشە نالەبارە، هەندێکی دیکەشیان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەست لە پشتگیریکردنی هەندێ هێزی تیرۆر هەڵناگرن، هەروەکو لە هەڵوێستیاندا دیارە بەرامبەر بەرەی نوسرە، یان داعش، یان هێزە

**گرتنەبەری سیاسەتی تایفەگەری و شۆڤینیی نوری مالیکی سەری کێشا بۆ تێکەڵبوونی کارتەکان لە نێوان داخوازییە ڕەواکانی توێژەکانی خەڵک و پارێزگاکانی خۆرئاوای عێراق و لە نێوان هێزە تیرۆریستەکان**

**ئەگەر چەند فاکتەرێکی جەوهەری نەبوونایە پەرەسەندن و هێرشی بەربڵاوی داعش بۆ فەللوجەو دواتر موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار سەری نەدەگرت**

**دوای ئەوەی ڕێکخراوی داعش بە کردەوەی خوێناوی و دڕندانە زیاتر فراوان بوو کە بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر خودی ئەو دەوڵەتانەی خۆرئاوا لەو کاتەدا زەنگی مەترسی لە ئەمریکا و ئەوروپا لێی دا**

ئیسلامییە توندڕۆکانی لیبیا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەڕدا دژی داعش لە عێراق و سوریا.
لەم ڕۆژانەدا یەکەم کۆنگرە لە پاریس بەسترا بەمەبەستی هەماهەنگی کردن و ڕێککەوتن لەسەر شێوازی بەرەوڕووبوونەوە لەسەر بنەمای ستراتیژییەتێکی ئیدارەی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لەسەر ئاستی جیهانیدا، هەروەها وشککردنی سەرچاوەکانی سامانیان و ڕێگەگرتن لە گەیشتنی چەك و چەکدار، بەڵام ئەمە دوای کاولبوونی موسڵ ڕوویدا!!
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنساو بەریتانیا و هەندێ وڵاتی دیکە بە شێوەی جیاواز شان بەشانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە بەشداری لەو شەڕەی ئێستای عێراقدا دەکەن، بۆیە ئەگەر هەندێ دەوڵەتی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ بە هێزی ئاسمانی بەشدارن وەك ئەمریکاو فەرەنسا بە شێوەیەکی تایبەت، ئەوا ناچاردەبن بە هێزی وشکاییشەوە بێنە نێو عێراقەوە، چونکە ئەو هێزەی داعش و ئەوانەی پەیوەندییان پێوە کردووە لە عەرەبی شاری موسڵ و دەوروبەری، هەروەها هێزەکانی بەعس کە بەشدارییان لەگەڵدا کردن، بە تەنیا بە گورزی ئاسمانی بنبڕ ناکرێن، چونکە هێزەکانی عێراق بەدەست کەموکوڕی و کێشەی زۆرەوە دەناڵێنن، هەرچەندە جیاوازی لە هەڵوێستدا هەیە لەمەڕ دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لە شەڕی دژ بە داعش، سەرباری نەزانینی هەندێ لەوانەی پشتگیریی ناکەن، لەوانە هێزەکانی ڕەوتی سەدر و میلیشیا چەکدارەکانی سوپای مەهدی بەوەی کە لەناوبردنی ئەو هێزانە کە خاوەنی ٣٠ هەزار چەکدارن و بە ملیاران دۆلار و بڕێکی زۆری چەکی ئەمریکی و تورکی لە ژێر دەستدایە، هەروەها لایەنگری زۆری لە عێراق و سوریا و دەوڵەتانی دیکەی زۆرینەی موسڵمان هەیە، ناکرێ تەنیا بە هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام بدرێت. بەڵکو ئەم پرۆسەیە بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی سەردەگرێت.
عێراق هەتا ئەگەر لە داعش و هاوشێوەکان و هێزە لایەنگرەکانیان ڕزگاری بێت، بەڵام زەمینەکە هەر بە لەباری دەمێنێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هێزی دیکە ئەگەر بێتو سروشتی ڕژێمی سیاسیی عێراق نەگۆڕێت. هەروەها ئەگەر دەوڵەتی عێراق پرەنسیبی هاووڵاتیبوونی ئازاد و یەکسان پەیڕەو نەکات و دان نەنێت بە مافی مرۆڤ و نەتەوە و شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان و بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی و فیدراڵ، هەروەها ئەگەر هەموارکردن لە دەستوور و شێوازی حوکمدا نەکات و وازنەهێنێت لە بەستنەوەی ئایین بە دەوڵەت، یان ئایین بە سیاسەت، یان بنەماکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نەچەسپێنێت کە کۆتایی بە گەندەڵی و تیرۆر و کاولکاریی وڵات بهێنێت. هەروەها ئەگەر حکومەت پەرەپێدانی نیشتمانی چالاك نەکات و تەنیا پشت نەبەستێت بە نەوت لە میانی کاراکردنی پەرەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بەرەنگاربوونەوەی بێکاری ئاشکراو دەمامکدراو و هەژاری کە ئێستا ٥٠٪ی دانیشتووان بە دەردی هەژارییەوە دەناڵێنن، سەرکەوتوو نابێت. بۆیە دەوڵەتی مەدەنیی دیموکراسیی فیدراڵ تاکە مەرجی سەرکەوتن و پێشکەوتنی عێراقە.

**عێراق هەتا ئەگەر لە داعش و هاوشێوەکان و هێزە لایەنگرەکانیان ڕزگاری بێت، بەڵام زەمینەکە هەر بە لەباری دەمێنێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هێزی دیکە ئەگەر بێتو سروشتی ڕژێمی سیاسیی عێراق نەگۆڕێت**

# خۆبەخشەکانی تورکیا لە ناو داعشدا

دەوڵەتی ئیسلامی داعش، کە پێشتر بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسرابوو ئەوەندە خاکی داگیر کردووە لە سوریا و عێراق کە بەس بێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی تێیدا ڕابگەیەنێت. دوای ئەنجامدانی ئەم کارەش داوای لە سەرجەم موسڵمانان کرد لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ئەوەی حکومەتەکانیان بە حکومەتی بەتاڵ و پوچەڵ بناسێنن و ملەکەچی فەرمانداریی خەلیفە و سەرۆکی دەوڵەتەکە بن.
دەوڵەتی ئیسلامی داعش بانگەشەیەکی جیهانی دەکات بۆ یەکخستنی سەرجەم موسڵمانان لە سایەی یەك ئاڵا و یەك دەسەڵاتدا. شێوازی ئەم دەوڵەتەش بۆ بەدەستهێنانی دەسترۆیشتوویی جیهانی بریتییە لە جیهاد یاخود جەنگی پیرۆز. زۆرێك لە پێکهاتە موسڵمانەکانیش کە لە جیهاندا پەرت و بڵاو بوونەتەوە، بە دەم ئەو داواکارییەوە چوون و چوونە ریزەکانی داعشەوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن زۆرێك لەو کەسانە لە ڕێی تورکیاوە ڕۆیشتوون، کە تورکیاش پەرۆش بوو بۆ پشتیوانیکردنی موعارەزەی سووری و «کاریگەرییە پێچەوانەکانی» پشتیوانی کردنی ڕادیکاڵەکان.
لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا، -ئەم دەوڵەتە- سەرنجی زۆرێك لە موسڵمانەکانی ڕۆژئاوا، بە هەمان شێوە موسڵمانەکانی لەسەر ئاستی مەحەلی و ناوچەیی ڕاکێشا. من دڵنیام لەوەی کە چەندین توێژینەوە ئەنجام دەدرێن لەبارەی ئەوەی بۆچی و چۆن خەڵکی چوونە نێو ئەم ڕێکخراوە جیهادییەوە.



دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

نیگەرانـــی من ئەوەیە لـــە تورکیاوە دایـــك و باوکەکان منداڵەکانیان دەبەن، شـــان بە شـــانی چەنـــد خێزانێك بە تەواوی ئەندامەکانیانـــەوە (ئەگەرچی ژمارەیان کەمە) لەگـــەڵ چەندین گەنجدا وڵاتی خۆیـــان جێدەهێڵن و بە دوای ژیانێکـــی نوێـــدا دەگەڕێن لە نێـــو ریزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا.

شـــیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی هاووڵاتییانی تورکیـــا دەچنە نێـــو ریزەکانی دەوڵەتی ئیســـلامی دوو هۆکاری بنەڕەتی لە نێو ئەوانی دیکەدا ئاشکرا دەکەن:

١. هـــۆکاری هەرە لە پێشـــینەکە بریتییـــە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کە هەســـت و سۆزی بەرامبەر ئەو هزر و بیرکردنەوانە دروووست کردووە کە بوونەتە پاڵنەری دەوڵەتی ئیسلامی. هەستێکی ریشەقووڵ هەیە بە بەزین و بێتوانایی لە ململانێکردنی رۆژئاوا. هەستی گەمارۆدراوی و ســـتەملێکراوی لەلایەن رۆژئاواوە ســـەریان کێشاوە بۆ نائومێدی و توورەییەکی لـــە کۆتانەهاتوو دژی رۆژئاوا (ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). هەرچۆنێك بێت، چەند واقیعێکی نزیکتر هەن کە نوێنەرایەتی رۆژئاوا دەکەن لە رەحمی پێکهاتە موسڵمانەکاندا: دەوڵەتی نەتەوەیی، نوخبەی عەلمانی و حکومەتە پرۆ رۆژئاواییەکان، هەموو ئەمانە وەك دەستڕۆیشـــتوویەکی گەندەڵکارانەی رۆژئاوا سەیر دەکرێن. لەگەڵ مۆدێرنیزەکردندا، رۆژئاوا شیرازەی تەقلیدی کۆمەڵگەی موســـڵمانی تێکـــدا و بە کۆیلەی کردن لە رێی نامۆکردنیەوە بە بەها رەســـەنەکانی خۆی. لـــەم روانگەیـــەوە، دەبێت هەر کاتێـــك مومکین بوو ئەوا پێویســـتە بەرەنگاری رۆژئاوا ببینەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بـــۆ ئەم کاریگەرییـــە گەندەڵکارانە دابنێـــت، ئەویش لە رێی هێرشـــکردنی راستەوخۆوە بۆ سەر رەمزەکانی، یاخود واقیعە کەلتوورییەکانی. ئەمـــە هەم خەباتە بۆ مانەوە و هـــەم هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی لە دەســـت چووە. ئەم بیرکردانەوە بووە کە فێری بوون و بوونەتە بەشـــێك لە ناخیـــان لە کاتی وەرگرتنی پـــەروەردەی ئایینیدا. ئەوان دەیانەوێت ئیســـلام لە بوونی رۆژئاوای مەترسیدار رزگار بکەن، بەتایبەتی رژێمـــی عەلمانی تورکیا و کەلتووری دامەزرێنەرەکەی، موســـتەفا کەمال ئەتا تورك و شـــێوە مۆدێرنی ژیان (لە نێویاندا سەربەست بوونی ئافرەتان)..

٢. نووسینی واژۆی سوڵتانەکانی عوسمانی لەسەر جامی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکان و نیشانەیەك بە جلەکانیانەوە، ئەو هەستە نۆســـتالۆژییە بۆ سەردەمی عوسمانی دەردەخات، لەبەرامبەر رۆژگاری کۆمارییەکاندا کە وا لێیان دەڕوانرا، وەك ئەوەی لە ئیسلام لایان داوە. ئەم بیروباوەڕ و هەستانە دەبنە پاڵنەری ئەوەی دایـــکان و باوکان، هەندێ جاریش تەواوی خێزانەکان، بەتایبەتی گەنجەکان بچنە نێو (دەوڵەتی ئیسلامی)یەوە. ئاشکرایە ئەوەی لێرەدا وترا پەیوەندی بە هەندێ لە باوەڕدارانەوە هەیە. بەڵام بە سیاســـی کردنی ئایین، هەروەك ئەوەی حکومەتە عەلمانییەکان شکستیان هێنا لـــە رازیکردنی خەڵکەکەی خۆیانـــدا، هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو بۆ پرۆسەی بە رادیکاڵیکردنی باوەڕداران کـــە ئامادەبوون بۆ رزگارکردنی ئایینەکەیان و شـــێوازی ژیانی ئیسلامی کە وا وەسف دەکرێت تێکەڵێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی تەقلیدی و بەها پێش مۆدێرنەکان.

٣. هـــۆکاری دووەم بریتییە لە هۆکاری ســـایکۆلۆژی. ئەو راســـتییە روونەی پـــەردەی لەســـەر لادرا لە دوای چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی سەر بە ئەلقاعیدە بوون و ئەو گەنجانەی ئێستا ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە پاڵ دەوڵەتی ئیســـلامی بە دوای ژیانێکی جیاواز و پڕماناد‌ا دەگەڕێن. ئەو خۆبەخشـــانەی پەیوەندییان پێوە کراوە، ئەو کەسانە بوون کە ژیانێکی ئاســـاییان بەسەر دەبرد. ئەوان بەشـــێك بوون لەو حەشاماتەی کە هیچ سەنگێکیان نییە. ئەوان دەیانەوێت بەشێك بن لە بزووتنەوەیەك، یان گرووپێك کە شوێنکەوتەی پرسێکن کە گەورەتر بێت لە ژیان.

«برایان، ئێمە دەمانەوێت خاوەنی چیرۆکی خۆمان بین»، ئەمە دەستەواژەیەکی باوە. خەباتی ئەوان دەرمانی دەردی ناسەنگینی ئەوانە.

کاتێك هەستی ئارەزوومەندی بۆ قوربانیدان بە تین و تاوتر دەبێت بەهۆی راهێنانی ئایینەوە، ئەوا کەسێکی رادیکاڵت هەیە، ئیدی پیاو بێـــت، یان ئافرەت، ئامادەیە بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆی بداتە دەســـت دەســـەڵاتێك کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەقیقەت و هەڵسوکەوتی راست و دروست لای ئەوە.

بە کورتی، کەســـانێك هەن باوەڕیان وایە تەنها موســـڵمان بوون بەســـە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی باش و دادپەروەر و بە رەوشـــت. ئیدی گرنگ نییە بەلایانەوە رەفتارەکانیان یاســـایین، ئەخلاقین، یاخود تەبا دێنەوە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان و رەفتاری راست و درووستدا. کاتێك بەهۆی پەروەردەی ئایینی نارەســـمییەوە و بەهۆی گۆڕانکاری کەلتوورییەوە، هان دەدرێن بۆ ئەوەی ببنە کەسانی جیهادی بۆ ئەوە هەڵبستن بە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان، لە هەرە لە پێشینەکانیشیدا شەڕکردن لە دژی رۆژئاوا و هەر شتێکی دیکە کە پەیوەست بێت پێیەوە، کۆمەڵە کەسانێکی رادیکاڵمـــان هەن کە ئامـــادەن بۆ ئـــەوەی بچنە ریزی گرووپـــە توندڕەوەکانەوە، ئەو گرووپانەی کە گەورەترن لە «پرسەکانی»ی ژیان. ئەمە بیرۆکەکەیە کە دەبێت بیری لێ بکرێتەوە.

---

* ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا



ئارام شێخ محەمەد

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر عێراق ئاسایی نەبێتەوە کورد مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات

**ماوەی دووهەفتەیە کابینەکەی د.عیبادی متمانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێبەخشراوە، بەڵام هێشتا وەزیرە کوردەکان دەستبەکارنەبوون و سوێندی یاساییان نەخواردووە، ئەم حکومەتە تازەیە لەسەرەتاوە پشتگیرییەکی زۆری لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی لێکراوە، هەروەها هەموو بەو ئومێدەن کە حکومەتی نوێ بتوانێت لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەروازەیەك بۆ شەراکەتی راستەقینە لە حوکمڕانی و چارەسەری کێشەکان بکاتەوە، لایەنی کوردستانیش ماوەی سێ مانگی داناوە بۆ ئەوەی ئەدای حکومەتی عێراق هەڵبسەنگێنێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئەوکات کورد بڕیار دەدات کە لەو حکومەتەدا درێژە بە کارەکانی بدات، یان هەڵوێستێکی دیکە وەردەگرێت.**

**بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی عێراق بەگشتی و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەتایبەتی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ئێستادا بارودۆخی عێراق چۆن دەبینین و تاچەند حکومەتی نوێی عێراق دەتوانێت لەم دۆخە سیاسییەدا گۆڕانکاری دروست بکات؟**

- لە دوای هاتنی هێزە چەکدارەکانی داعش و دەستبەسەراگرتنی هەندێ پارێزگای عێراق لە لایەن ئەو گرووپە تیرۆریستییەوە، بارودۆخەکە بە تەواوەتی نائارام بووە، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی پارێزگایەکی گەورەی وەك موسڵ و تکریت و بەشێکی زۆری ناوچەکانی رومادی و دیالە و هەندێ شوێنی نزیك بە بەغدا، ئەمانە بۆ خۆیان کاریگەری گەورەیان دروست کردووە لە رووی مەیدانی و لەسەر زەمینی واقیع کە ئەمەش دەرهاوێشتەی دۆخێکی سیاسی قەیرانگرتووی ناو عێراق بووە، بەهۆی کێشەی قووڵی حوکمڕانی و نەبوونی شەراکەتێکی راستەقینە لە سیستمی حوکمڕانیدا و شکستی تێکڕای سیستمەکە لە رووی ئابووری و ئەمنی و لەم دواییانەشدا لە رووی سەربازییەوە، هەروەها بە هۆی جێبەجێنەکردنی تەواوی ماددەکانی دەستوور و هەبوونی کێشەیەکی قوڵی درێژخایەن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، دواتریش بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بەسەردا هات، هەموو ئەمانە بارودۆخی عێراقیان نائارام کردووە، ئەگەرچی پەرلەمان دانیشتنی خۆی کردووەو دەستەی سەرۆکایەتی خۆی هەڵبژاردووە و حکومەت پێکهێنراوە و وەزارەتەکان تا رادەیەك دابەشکراون، بەڵام هێشتا ئەم حکومەتە دەستی نەکردووە بە کارەکانی خۆی، تا بزانرێت لە رووی مەیدانییەوە ئایا لە توانایدایە زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەم گیروگرفتە سیاسیانەی کە پێشووتر هەبوون و ئێستا رووبەڕوویان بۆتەوە؟ ئایا دەتوانێت جارێکی تر لە رووی ئەمنی و سەربازییەوە کۆنترۆڵی ئەمنی و سەربازی عێراق بکات؟ ئایا بەڕاستی حکومەتێکی شەراکەتی راستەقینە لە عێراقدا پێکدەهێنرێت، تا هەموو پێکهاتەکان هەست بە بوونی بەشداریی خۆیان بکەن لەناویدا؟ هەموو ئەمانە پرسیارن و لە ئایندەدا دەردەکەوێت کە تا چەند حکومەتێکی شەراکەتی راستەقینەمان دەبێت.

**به ئومێد روانین بۆ حکومەتی عێراق دەمێنێتەوە بۆ داهاتوو دوای سێ مانگ دەردەکەوێت سەرکەوتوو بووە یان نا؟**

**سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێکەوە کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەیە، تا ئێستا سوودێکی باشمان لەم یەکهەڵوێستی و یەکڕیزییە بینیوە**

**چەندە ئێمە بتوانین لە هەرێمی کوردستان ماڵی خۆمان بەهێز و یەکدەنگ بکەین، ئەوەندە لە بەغدا بەهێز دەبین**

*** لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێ لە لای کۆی عێراقییەکان جۆرە ئومێدێك هەیە، بەڵام هێشتاکە لە لای کورد ئەو ئومێدە بوونی نییە، گەرچی بڕیاری خۆی لە بەشداریکردنی پێکهێنانی حکومەت داوە، بەڵام هێشتا وەزیرەکان دەست بەکارنەبوون، روانینت بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

- لەو بڕوایەدا نیم روانین لە ئومێد شتێك بێت ئێستا یەکلا بێتەوە، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ داهاتوو، پێکهێنانی حکومەت مەسەلەیەکە ڕەنگە تا یەك دوو مانگیش بەردەوام بێت و شتێکی ئاساییە، بەڵام سەرکەوتنی، یان شکستی دەمێنێتەوە بۆ ئایندە، لە ناوچەکانی تری

عێراقیش ئومێدەکە بەو جۆرە نییە کە باسی دەکەن، ئێمە لە نزیکەوە پێوەندیمان لەگەڵ خەڵك هەیە و ئاگادارین، بۆ کوردستانیش بە هەمان شێوەیە، ئەو هەموو کێشە سیاسی و قەیرانە دارایی و ئابووری و سیاسی و ئەمنییانە تەنیا بە راگەیاندنی پێکهێنانی حکومەت کۆتاییان نایەت، بەڵکو لە دوای کەوتنەسەرکاری حکومەت ئیشەکانی سەلمێنەری ئەوەن کە دەتوانێت کۆتایی بەم قەیرانانە بهێنێت یان نا، بۆ ئەم مەبەستە خەڵك چاوەڕێیە تا بزانێت ئەم حکومەت دەتوانێت شتێك بکات، یان نا.

*** ئێستا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، واتە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی کورد لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەیت، چ زانیارییەکی نوێتان لایە سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان، ئایا هیچ پێشهاتێکی نوێ لە ئارادا هەیە؟**

- هەرچی هەبووبێت لە رێی لیژنەی گفتوگۆوە باس کراوە، لیژنەی دانوستاندکاری سیاسیی کورد کە بە بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی لە هەولێرەوە نێردراون و هاتوونەتە بەغدا، ئەوان قسەیان لەگەڵ لایەنە شیعەکان کردووە، نەك ئێمە وەك پەرلەمان، هەر ئاگادارییەکمان وەرگرتبێت لەوانەوە پێمان گەیشتووە، ئاگاداری ئەوەین کە بڕیارە لیژنەیەك دروست بکرێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی بەغدا، بۆ ئەوەی لە بارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا گفتوگۆ بکرێت، بەڵام وەزیرەکانی ئێمە هێشتا دەوامیان نەکردووەو مەسەلەی وەزارەتەکان بە تەواوەتی یەکلایی نەکراونەتەوە، بەشێك لە رێککەوتنەکە دوای مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و دوای بەشداریکردنی ئێمە لە حکومەتدا وەك کورد گفتوگۆکردنە لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە، بەتایبەتیش لە ئێستادا مەسەلەی نەوت و بودجەیە، حکومەتی عێراق چارەسەری کێشەی نەوتی لەگەڵ هەرێم وەك یەکەمین کێشە داناوە، کوردیش چارەسەری کێشەی بودجەی وەك کێشەی یەکەم داناوە، ئیعترافکردن و مەسەلەی رێکخستنی هێزی پێشمەرگەش وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراقی وەك خاڵ باس کراوە، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ماددانەی پێوەندییان هەیە بە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانەوە هەیە، ئەمانە کاتێك دەچنە بواری جێبەجێکردن کە وەزیرەکانی ئێمە لە بەغدا سوێند بخۆن و دەوام بکەن و ئینجا لیژنەی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتانە پێکبهێنرێت، تا لە ماوەی سێ مانگدا هەموو کێشەکان یەکلابکرێنەوە، ئەمەش دەبێ گفتوگۆی جددی لە نێوان هەردوو لا لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت.

**کێشەی ئێمە گۆڕینی دەموچاوەکان نییە بە قەدەر ئەوەی کێشەکە لە میتۆدی بەڕێوەبردنی کارەکاندایە**

*** لە چەند رۆژی رابردوودا سەلیم جبووری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مەسەلەی بە هەرێم کردنی ناوچە سوننەنشینەکانی ورووژاند، تێبینیتان لەسەر ئەم پرسە چییە؟**

- پێشووتریش ئێمە وەك کورد هەر لە سەرەتای دروست بوونی عێراقەوە پێداگیریمان لەسەر ئەو لایەنە دیموکراتییانە کردۆتەوە بەتایبەتیش جێبەجێکردنی فیدراڵیەت، دواتریش بابەتی کۆنفیدراڵیەت کە هەر کورد باسی لێوە کردووە، باسیشمان لەوە کردووە ئەگەر لە حاڵەتێکدا باری ئەمنی و سەقامگیری عێراق ئاسایی نەبێتەوە، کورد مافی خۆیەتی تەنانەت لە راپرسییەکدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بۆ مەسەلەی فیدراڵی پێشووتریش لەگەڵ ئێمە باسکراوە، تەنانەت لە لایەن هەندێ لایەنی شیعەشەوە، فیدراڵیەت لە دوو ئاستە، یەکەمیان وەك مەبدەئە دیموکراتییەکە، کورد لە دوای رووخانی رژێمەوە یەکەم لایەن بووە داوای جێبەجێکردنی کردووە، کەچی عەقڵییەتێکی ناشارەزا فیدراڵییەتی بە جوداخوازی لە عێراق زانیوە، بەڵام پاش ئەزموونێکی دوور و درێژ بەتایبەتی سوننە خۆیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دژی فیدراڵییەت نەبن، پێشتر هەندێ لایەنی شیعی پشتگیرییان دەکرد و بەشێکی تری لایەنە شیعەکان پشتگیرییان نەدەکرد، ئێستا زەمینەیەکی گونجاو هەیە کە ئەم لایەنانە هیچ نەبێت سنوورێك لە نێوانیان بکێشرێت، بۆ ئەوەی جیاببنەوە لەیەکتری نەك لە عێراق، ئەمەش بۆ ئەوەی کە هەر یەکەیان ناوچەیەکی ئارام دروست بکەن و ژیان و حوکمڕانی خۆجێیی تێدا بکەن، وەك ئەوەی ئێمەی کورد کردوومانەو توانیومانە بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە سەرکەوتوو بین، ئاستەکەی تری پێوەندیدارە بەو دۆخە سیاسییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، چونکە ئەم جۆرە مۆدێلەی کە وڵاتێك لە یەك هەرێم و ناوەندێك پێکبێت، شتی وا لە دنیادا نەبووە، زیادبوونی هەرێمەکانی تر لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا لە رووی دیموکراتی هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێش چوون، ئەمە بژاردەیەکی باشە، ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ بەغدا، ئەو کات بەغدا دەبێ ببێتە پایتەختی هەموو هەرێمە فیدراڵەکان لە حکومەتێکی ئیتیحادیدا، نەك تەنیا حکومەتی پێکهاتەیەك، یان نەتەوەیەك، یان مەزهەبێك.

**عەقڵییەتێکی ناشارەزا فیدراڵییەتی بە جوداخوازی لە عێراق زانیوە، بەڵام پاش ئەزموونێکی دوور و درێژ بەتایبەتی سوننە خۆیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دژی فیدراڵییەت نەبن**

*** لە ماوەی رابردوو لیژنەیەك لەسەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکهات بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەیاسای بودجە، ئایا ئێوە لە ئێستادا دەتوانن پرۆژە یاسای ٢٠١٤ تێپەڕێنن؟**

- لە یەکەمین رۆژی دروستبوونی لیژنەی موازەنەوە کە یەکەمین جار حەیدەر عیبادی سەرپەرشتی دەکرد،

پاشتر ئەو راسپێردرا بۆ پۆستی سەرۆك حكومەت و ئێستا بەڕێزێك لە لایەنی سەدرییەكان بەڕێوەی دەبات، ئێمە لەو لیژنەیدا نوێنەرمان هەیە و داواكارییەكانمان دەستووری و یاساییین، یەكەمیان ناردنی مووچەی چەندین مانگی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستانە كە زیاد لە جارێك جەختمان لەسەر كردۆتەوە، هەموو پەرلەمانتارەكان بێ جیاوازی هی هەموو حزبەكان شەڕیان لەسەر ئەم مەسەلەیە كردووە، بەرەنگاری هەموو لایەنەكان بوونەتەوە، تەنانەت زۆر بە توندی رووبەڕووی وەزیری دارایی بوونەوە كاتێ هاتبووە پەرلەمان، هیچ پاساوێك و وەڵامێكی یاسایی و لۆژیكی پێ نەبوو كە بە چ بڕیارێك و بەپێی چ یاسایەك هەستاوە بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان، ئەگەر عێراق نەبووایەو هەر وڵاتێكی تر بوایە، دەبوو لێپێچینەوەی یاسایی توند دەرهەق بەم كارەكتەرانە بكرایە، كە ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەو دەیوت: من خۆم لاداوە لەوەی ئەمە جێبەجێ بكەم و گرێدراوەتەوە بە مەسەلەی نەوتەوە، لە كاتێكدا ئەمە پێوەندیدارە بە مەسەلەی رێككەوتنی سیاسیی نێوان كوردو حكومەتی عێراقی، ئەمە یاسایی نییە، تا پەرلەمان چارەسەری بكات، بەڵام ئەوەی بەرپرسیارێتی لەسەر شان بێت، نابێت درێغی لەم مەسەلەیە بكات، هەر بۆنەیەك هاتبێتە پێشەوە لەسەر ئەم مەسەلەی مووچەی خەڵكی كوردستانە وردو درشتی بەشە بودجەی پێشمەرگە و بودجەی هەرێمی كوردستان شەڕمان لەسەر كردووە و بەردەوامیش دەبین لە پێناویدا و شەڕی بۆ دەكەین، بەڵام ئەمە بۆتە دۆزێكی سیاسی و پێویستی بە چارەسەری سیاسییە، لە سەرۆكایەتی پەرلەمانیش جەختم لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە هیچ بەندێكی یاساییمان نییە رێ بەوە بدات بودجەی ٢٠١٤و ٢٠١٥ تێكەڵی یەكتر بكرێن.

*** بڕیار وایە مەسەلەی لیژنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران هەفتەی دادێت یەكلایی ببنەوە، ئەولەوییەتی كاری ئێوەو بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بە كوردەوەیە لەم خولەدا چی دەبێت؟**

- جارێ تەنیا ئەندامەكانمان دابەش كردووە، ئێمە لە ئیستیحقاقی خۆمان چاوپۆشی ناكەین، بەتایبەتی لیژنەكانی ئەلیف كە هەشت لیژنەیە و ئەوانەی بێ كە چواردە لیژنەیە، لە هەموو لیژنەكاندا ئەنداممان هەیە، ماوەتەوە سەر سەرۆكایەتی لیژنەكان، تا ئێستا یەكلا نەبوونەتەوە، چونكە ناكۆكی هەیەلە نێوانمان، ئەولەوییەتی ئێمە بۆ سێ بوارە، یەكەمیان بواری دەستوورییە سەبارەت بەو یاسا دەستوورییانەی لە خولی رابردوودا كاری لەسەر نەكراوەو پێویستە دەربچوێندرێن، بەتایبەت ئەو یاسایانەی پێوەندی بە رۆڵی چاودێریكردنی پەرلەمانەوە هەیە لەسەر حكومەت، بەشێكی تر پێوەندی بەو یاسایانەوە هەیە كە پێوەندیدارە بە ژیان و پێداویستییەكانی خەڵك.

*** هەفتەی رابردوو د. عیبادی سەرۆك وەزیرانی نوێ باسی لەوە كرد كە ئەوان لە هەوڵدان كێشەكان لەگەڵ كورد چارەسەر بكەن، ئایا چۆن سەیری ئەم قسانەی سەرۆك وەزیرانی نوێ دەكەیت؟**

- بەش بەحاڵی خۆم بڕوام زۆر بە قسە نییە، لە عێراقدا زۆر دەموچاومان تاقیكردۆتەوە، كێشەی ئێمە شەخسی و دەموچاوەكان نییە، ئەگەرچی ئەمجارە كۆمەڵێك كەسی باشیان تێدایە، تەنانەت دكتۆر حەیدەر عیبادی لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان پێكەوە بووین، وەك پێوەندی شەخسی كێشەیەكمان نییە، بەشێك لە وەزیرەكانیش ئەندام پەرلەمان بوون لەلای ئێمە، رۆژانە مامەڵەی شەخسیمان هەبووە پێكەوە، بەڵام ئەوە گرنگە كە ئەم كەسە باشانە كاتێك دەچێتە ناو ئەو وەزارەتەوە تا چەند پابەند دەبن بەو رێككەوتنانەی لەگەڵ ئێمە واژۆی دەكەن، تەنانەت لەگەڵ لایەنەكانی تریشدا هەروایە، ئەمە لەسەر بنەمای ململانێ بۆ بەرژەوەندی بەجێ دەمێنێت، راستە كەسەكان گرنگن، بەڵام لەوان گرنگتر هەیە كە بریتییە لە بەرنامەی حوكمڕانی و پابەندبوون بە جێبەجێكردنی بڕیار و بەڵێنەكان، كێشەی ئێمە گۆڕینی دەموچاوەكان نییە بە قەدەر ئەوەی كێشەكە لە میتۆدی بەڕێوەبردنی كارەكاندایە.

*** مەسەلەی یەكڕیزی گەلی كورد لە بەغدا زۆر گرنگە، ئێستا هەست دەكرێت ئەو كۆدەنگیە هەیە، ئایا تاچەند ئەم كۆدەنگیە بۆ چارەسەری كێشەكان لەگەڵ بەغدا یارمەتیدەر دەبێت؟**

- حەزدەكەم ئەوە روون بكەمەوە كە لێرە لە بەغدا شتێكە و لە هەرێمی كوردستان شتێكی ترە، بەڵام یەكڕیزی ئێمە لە هەرێمی كوردستان كاریگەری هەیە لەسەر یەكڕیزیمان لە بەغدا، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، چەندە ئێمە بتوانین لە هەرێمی كوردستان ماڵی خۆمان بەهێز و یەكدەنگ بكەین، ئەوەندە لە بەغدا بەهێز دەبین، ماڵ بەهێزكردن بە پتەوبوون و بە دیموكراتی بوون دەبێت، بە باشتركردنی سیستمی حوكمڕانی هەرێمی كوردستان دەبێت، بە زیادكردن و پارێزگاری كردنی ئەو دەسكەوتانە دەبێت لە هەرێمی كوردستان، بە بووژانەوەی كەرتی ئابووری دەبێت، بە بووژانەوەی بژێوی خەڵك دەبێت، بە قبوڵكردنی جیاوازی بیروڕای نێوخۆمان و هی پێكهاتەكانی تری ناو هەرێمی كوردستان دەبێت، چەند ئەم خاڵانە لە هەرێم بەهێز بن، ئەوەندە ئێمە لێرە بەهێزتر دەبین، لێرە تا ئێستا یەكڕیزییەكی زۆر باشمان هەیە، ئەمە هاوكارمان بووە و لە داواكارییەكانماندا یەكدەنگ و یەك هەڵوێست بووین، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە كە سەرۆكی فراكسیۆنەكان پێكەوە كۆبوونەوەی بەردەوامان هەیە، تا ئێستا سوودێكی باشمان لەم یەكهەڵوێستی و یەكڕیزییە بینیوە.

**حكومەتی عێراق چارەسەری كێشەی نەوتی لەگەڵ هەرێم وەك یەكەمین كێشە داناوە، كوردیش چارەسەری كێشەی بودجەی وەك كێشەی یەكەم داناوە**

**ئەو هەموو كێشە سیاسی و قەیرانە دارایی و ئابووری و سیاسی و ئەمنییانە تەنیا بە راگەیاندنی پێكهێنانی حكومەت كۆتاییان نایەت**



# وەک شەڕی سارد
# شەڕی تیرۆریستانیش
# هەر لە کوردستان کۆتایی دێت

## قوربانییەکانی کۆبانێ وێستگەیەکی دیکەی
## تاقیکردنەوەی ئیرادەی کوردە

**رووخانی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد سەرەتای دەستپێکی شەڕی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا بوو، کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد. بەدەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لە نیسانی ١٩٩١ بۆ دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام شەڕی سارد کۆتایی هات. هەر بۆیە شەڕی سارد کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد، لە باشووری کوردستان کۆتایی هات، ئەگەر دەستپێکی شەڕی سارد نەهامەتی و نەگبەتی بۆ گەلی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنابێت، ئەوا کۆتایی شەڕی سارد دەروازەیەکی خێری بۆ کوردان کردەوە کە لانیکەم ئەم ئەزموونەی ئێستای هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هاتووە کە بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە، کوردانی سەرلەبەر جیهان بە چاوی ئومێدەوە سەیری دەکەن.**

**شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش وەك شەڕێکی نێودەوڵەتی لە دووی ئابی رابردوو بە فەرمی دەستی پێکرد، هەر لەو کاتەشەوە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و گرێدانی کۆنگرەی پاریس دەستی پێکردو بڕیاریشە لە کۆتایی مانگی داهاتوودا کۆنگرەیەکی دیکەی هاوشێوەی کۆنگرەی پاریس لە (بۆن)ی پایتەختی ئەڵمانیا بەڕێوە بچێت. ئەمەش مانای ئەوەیە: ئەگەر شەڕی نێودەوڵەتی تیرۆریستانی قاعیدە لە (نیویۆرك)ـەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا شەڕی تیرۆریستانی داعش لە باشووری کوردستانەوە دەستی پێکردووەو هەموو جیهانیش چاوی لەوەیە ئەم شەڕە هەر لە کوردستانەوە کۆتایی پێبێت.**

**● پێشمەرگە دیواری ترسی رووخاند و دەرگای ئومێدی کردەوە**

جوگرافیای کوردستان بەشێکە لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم جوگرافیا فراوانەدا، کوردستان تەنها ناوچەیەك بووە کە فیکری تیرۆریستی و توندوتیژی تێیدا گەشە ناکات و خاکەکەی تیرۆریستی تیا شین نابێت. تەنانەت بە درێژایی شۆڕشەکانی کوردستانیش بۆ بەرپەرچدانەوەی زوڵم و ستەمی داگیرکاران، کاردانەوەی کورد بەرامبەر تیرۆر و تیرۆریی سیستماتیکی دەوڵەتی، کاردانەوەیەکی هاوشێوە نەبووە و هەموو کات خەباتی چەکداری لە کاری ترسنۆکانە و کوشتنی دیل و هاووڵاتییانی مەدەنی جیا کردۆتەوە، ئەمەش ئەو ناسنامە مرۆڤایەتییەی بە پێشمەرگە بەخشیوە، کە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، پێشمەرگە وەك هێزێکی ئازادیخواز سەیر بکرێت و تەنانەت لەلایەن ئەو نەتەوانەشەوە کە رژێمەکانیان کوردیان چەوساندۆتەوە، بە چاوی رێزەوە سەیری پێشمەرگە کراوە.

ئەم کەلتوورە لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەکەی لە شۆڕشەکانی کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، وەرچەرخانێکی نوێی لە بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی لە نێوان گەلاندا درووستکرد، بە تایبەتیش لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عەرەب، لەبەر ئەوەی شۆڕشی دووەمی بارزان دژی ئەو رژێمە بوو کە زۆرینەی عەرەبی عێراق تیایدا حوکمڕانی دەکرد، لەمەش زیاتر لەو سەردەمە تەنانەت شەڕی نێوان دەوڵەتانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان شەڕی نێوان گەلان بوو، تیایدا سەرباز و هاووڵاتییانی سڤیل بە یەك چاو سەیر دەکران، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شەڕی دووەمی جیهانی، ئەوا بە ئاشکرا هەست بەو راستییە دەکەین کە لە تێڕوانینی هەر ئەڵمانییەکدا، هەموو هاووڵاتییەکی سۆڤیەتی (ستالین)ێك بووە و لە تێڕوانینی رووسەکانیشدا هەموو هاووڵاتییەکی ئەڵمانی (هیتلەر)ێك بووە، بەڵام لەو کاتەشدا شۆڕشی کوردستان وەرچەرخانی بەسەر ئەم تێڕوانینە هێنا و شەڕی ئازادیخواز و رژێمە سەرکوتکارەکانی لە شەڕی گەلی کورستان و گەلی عەرەب جیاکردەوە.

ئەم کەلتوورە لە شۆڕشەکانی دواتردا زیاتر بەرجەستە بوو، بۆ نموونە: لە شۆڕشی ئەیلوولدا کە ئەویش هەر لە لایەن (مستەفا بارزانی)ـەوە رێبەرایەتی دەکرا، دوای ئەوە رژێمی بەعس لە سالانی حەفتا و لە ژێر سێبەری دانوستاندنی نێوان شۆڕش و بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی نەمری دا و سەرکەتوو نەبوو،

شۆڕشی کوردستان کاردانەوەی هاوشێوەی بەرامبەر عەرەب نەبوو، لەمەش درندەتر دوای ئەوەی لە سەرەتای هەشتاکان بەعس کوردی فەیلی ئەنفال کرد و ڕەوانەی ئێرانی کردن و پاشتریش ٨٠٠٠ بارزانی گرت و کۆمەڵکوژی کردن، کورد پەنای بۆ کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژی نەبرد، لەمانەش زیاتر بەعس هەڵەبجەی کیمابباران کرد و ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفال کرد، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەك تۆڵەی نەکردەوە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩١ بە دەیان هەزار سەربازی عەرەب کەوتنە دەستی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەموویان ئازاد کردن و ڕەوانەی لای کەسوکاری خۆیان کردەوە.

ئاماژەکردن بەم مێژووە، ئاماژەکردنە بۆ ئەو کەلتوورەی لە نێو جوگرافیای کوردستاندا جێگەی بیرکردنەوەی تیرۆریستی و جێگەی تیرۆریستانی تێدا نابێتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر باشووری کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە بەرامبەر تیرۆریستان، جیهانی لەوە بەئاگا هێنایەوە کە شەڕی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستان جیاوازە لە شەڕەکانی دیکەی ناوچەکانی دوور و نزیك. هەر بۆ نموونە:

١- هێزەکانی هاوپەیمانی ناتۆ بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە بەشە عەرەبییەکەی عێراقیشەوە) کەوتوونەتە ناو دوو بیر و بۆچوونی دژبەرەوە، ئەمەش واتە ڕاستە عەرەبی شیعە لە سووریا و عێراق دژی تیرۆریستانن، بەڵام ئەوانیش وەك تیرۆریستەکان بە هەمان چاو سەیری هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ دەکەن، ئەم تێڕوانینەش تەواوی هاووڵاتیانی شەقامی سیاسیی عەرەبی لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانوس دەگرێتەوە.

٢- لەو کاتەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق بوونیان هەبوو، ئەم هێزە تەنها لەلایەن تیرۆریستانەوە هێرشیان نەدەکرایەسەر، بەڵکو لەناو عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەشدا هێزێك هەبوو بە ناوی مقاوەمەی داگیرکردنەوە بە هەمان شێوە هێرشیان دەکردەسەر هێزەکانی ئەمریکا و لەسەر ئاستی سیاسی و بەئاشکراش زەمینەی هاندانی دژی داگیرکاری ئەمریکا سازدەکرا.

٣- ئەگەر سەیری بارودۆخی سووریا بکەین، دەبینین هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی ناوخۆی و هەروەها هاوپەیمانەکانی دیکەی وەك حزبوڵا و ئەو دەوڵەتانەشی هاوکاریی ڕژێمی ئەسەد دەکەن، بە ئاشکرا بە ئەمریکا دەڵێن: «شەیتانی گەورە»، هەروەها تیرۆریستانی داعش و توندڕۆکانی بەرەی (نوسرە)ش کە ئەوانیش لەلایەن چەند دەوڵەتێکی دۆستی ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێن، بە هەمان شێوە، ئەمریکا وەك شەیتانی گەورە سەیر دەکەن، بۆیە چەند کارەساتی مرۆیی گەورە لە سووریا، یان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق ڕوویدات، هێزە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی نەیاندەتوانی بڕیار بدەن بۆ ئەوەی بێنە ناو بارودۆخەکەوە، هۆکاری سەرەکیش ئەوە بوو کە هەڵوێست و بیرکردنەوەی عەرەب (بە سوننە و شیعەوە) بەرامبەر بە ئەمریکا لە هەڵوێست و بیرکردنەوەی تیرۆریستان سەبارەت بە ئەمریکا باشتر نەبووە و نییە، بۆیە هاتنە ناوەوەی ئەمریکا، یان دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە بری ئەوەی هاوکارییەك بێت بۆ چارەسەرکردن، دەبووە زۆنگاوێك بۆ هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ.

٤- ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری ئەزموونی باشووری کوردستان بکەین، ئەوا لە ماوەی زیاتر لە ١١ ساڵی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا، نەك هەر سەربازێکی ئەمریکی لە کوردستان نەکوژراوە، بەڵکو بریندایش نەبووە، لەمەش زیاتر کوردستان ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر و لێبووردە بووە بۆ پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان.

کەواتە ئاماژەکردن بەم خاڵانە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە: بۆچی کوردستان لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە هێڵی سوورە و ناشێت و ناکرێت تیرۆریستان هەڕەشە لەسەر ئەو پێگە جوگرافییەی کوردستان درووست بکەن؟ بێگومان ئەوە سەلمێندراوە کە کوردستان تەنها شوێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە جیهانیشدا کە تیرۆر و تیرۆریستان جێگەیان تێدا نابێتەوە.

لەم حاڵەتەدا و دوای داگیرکردنی موسڵ و تکریت و بەشێك لە دیالە و دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە عێراق و سووریا، بە تەواوی هاوکێشەکە یەکلایی بووە بەوەی تەنها هێزێك کە بە شێوەیەکی مەبدەئی ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبنەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، لە هەمانکاتدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ڕاشکاوانە بە جیهانی ڕاگەیاند، پێشمەرگە ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی توانای پێشمەرگە لە چاو توانای سەربازی تیرۆریستان بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو هەموو چەکەی عێراق و سووریایان کەوتە بەردەست، سنووردارە و پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە. ئەم داواکردنەی باشووری کوردستان (پێش هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر کوردستان)، لەناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پشتگیری تەواوی لێدەکرا و تەنانەت

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا سەرکۆنەی ئەو تاوانەی کرد و دوای لە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش کرد ڕووبەڕووی ئەو هێرشە ببنەوە و هەروەها داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کرد کە بە فریای کوردانی ڕۆژئاوا بکەون**

**هەڵمەتەکانی پێشمەرگە و ڕاگرتنی هێرشی تیرۆریستانی داعش و شکاندنی هێرشەکانیان بۆ سەر چیای شنگال، ئەمریکای هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە چیدی ناکرێت چاوەڕێی بەغدا بکرێت و لەبەرامبەر هەڕەشەی ڕاستەقینەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان بێدەنگ بێت**

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا، نەک هەر سەربازێکی ئەمریکی لە کوردستان نەکوژراوە، بەڵکو بریندارێش نەبووە، لەمەش زیاتر کوردستان ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر و لێبوردە بووە بۆ پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان

هەڵوێست و بیرکردنەوەی عەرەب (بە سوننە و شیعەوە) بەرامبەر بە ئەمریکا لە هەڵوێست و بیرکردنەوەی تیرۆریستان سەبارەت بە ئەمریکا باشتر نەبووە و نییە

بووە بابەتی دانیشـــتنی لیژنەی سەربازیی کۆنگرێس بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، بەڵام گەیشتن بەوەی بڕیار بدرێت ئەو وتووێژانە بکرێنە کردار و بە کردەیی هاوکاری پێشمەرگە بکرێت، ترسێك بوو کە ئەمریکای خســـتبووە ناو کۆمەڵێك بەرداشەوە، یەکەمیـــان ئەوە بوو کـــە یارمەتیدانی راســـتەوخۆی پێشـــمەرگە هێندەی دیکە کوردســـتان لە عێراق دوور دەخاتەوە، هۆکاری دووەمیش ئەوە بوو حکومەتی بەغدا هیچ متمانەیەکی نەمابوو هەتا هاوکاری بکرێت، بەڵام هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە بوون، تەنها رێگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دروستکردنی پەیوەندی راســـتەوخۆیە لەگەڵ هەولێـــر، نەك بەغدا، تیرۆریســـتانی داعشـــیش بۆ ئەوەی ئـــەم بارودۆخە بشێوێنن و بە حیســـابی خۆیان چۆن هێزەکانی عێراق خۆیان بەدەستەوە دا، بە هەمان شێوە هێزی پێشمەرگەش خۆی دەدا بەدەستەوە، ئەوە بوو کۆمەڵێك هێرشی کردە سەر ناوچەکانی مەخموور و گوێڕ و زممار و شنگال، لەگەڵ ئەوەی تیرۆریستانی داعش توانییان شنگال و زممار و مەخمـــوور و چەند گوندێکی ئەو دەڤەرانەش داگیر بکەن، بەڵام هەڵمەتەکانی پێشمەرگە و راگرتنی هێرشـــی تیرۆریستانی داعش و شکاندنی هێرشەکانیان بۆ ســـەر چیای شـــنگال، ئەمریکای هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە چیدی ناکرێت چاوەڕێی بەغدا بکرێت و لەبەرامبەر هەڕەشـــەی راســـتەقینەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان بێدەنگ بێت.

ئـــەم مقاوەمەتـــەی پێشـــمەرگە کە توانی هێرشـــی چەکدارانی داعش رابگرێت، لـــە کاتێکدابوو کە پێنج فیرقەی سوپای عێراق نەیانتوانی لە بەرامبەر داعش رابوەستن. هەروەها لە کاتێکدا بوو کە چەند فیرقەیەکی سوپای ئەسەد تەواوی پارێزگای (رەقە)یان لە بەردەم تیرۆریســـتانی داعش بەدەستەوە دابوو، هەربۆیە بوونی ئەم ئیرادەیە و ئەم مقاوەمەتەی پێشـــمەرگە، دەرگای ئومێـــدی کردەوە بـــەوەی جیهان دەتوانێـــت جارێکی دیکە لە کوردســـتانەوە شەڕی تیرۆریستان بکات و لە کوردستانەوە تیرۆریستانی داعش لە ناو ببرێن.

**● ستراتیژە نوێییەکی ئۆباما و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی**

بە سەرنجدان لەو ستراتیژە نوێیەی ئۆباما کە کۆنگرێس پشتگیری لێکردووە، هەروەها هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی هاتۆتەئـــاراوە کە ٤٠ دەوڵەت لـــە خۆی دەگرێت، ئەوا بە ئاشکرا هەســـت بەو ترس و نیگەرانییە دەکرێت، کە وڵاتانـــی ناوچەکە و ئەوروپـــا و جیهانیش بەرامبەر بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان هەیانە.

خاڵی گەوهەری و گرنگ کە ناوەڕۆکی ستراتیژەکەی ئۆباما بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریســـتانی داعش پێکدەهێنێت، جەختکردنەوەی ئەو ستراتیژیەتەیە کە تەنها پشت بە هێزی ئاسمانی، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ناردنی راوێژکارانی ســـەربازی و لەگـــەڵ چەك و تەقەمەنی دەبەستێ. هەتا ئێســـتاش لە ناو هاوپەیمانانی دیکەی نێودەوڵەتی تەنها فەرەنســـا هاتۆتە ناو بەشـــداریکردن لە هێرشـــی ئاســـمانی، ئەوانی دیکە تەنها ئامادەییان



پیشانداوه كه چەك و راوێژكاری سەربازی بنێرن.
خۆ ئەگەر لەبەر باشووری كوردستانیش نەبوایە كە هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەرز رووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە و ئەو هێزەیە كە خاوەنی ناو و ناوبانگێكی گەورەیە، ئەوا نە ئەمریكا و نە دەوڵەتانی هاوپەیمانیش نەیاندەتوانی ئەو هەنگاوانەی ئێستاش هەڵبگرن.
لایەنێكی دیكە كە پێویستە بخرێتە بەرباس، ئەوەیە: ئەو دەوڵەتانەی بوونە بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ئەو دەوڵەتانەن كە بەشێكیان بە ئاشكرا بەشدارییان كردووە و بەشێكیان بە نەهێنی بەشداری دەكەن، تەنانەت ئەوانەشی كە بە ئاشكرا بەشدارییان كردووە، نایانەوێت راستەوخۆ بەشداری لە شەڕەكە بكەن، هەر بۆ نموونە: بەپێی وتارێكی جۆن ئەلترمان توێژەری باڵا لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی (CSIS)، سعودیە ئامادەباشی پیشانداوە تەنها هاوكاری ئۆپۆزسیۆنی سووریا بكات، كە پێدەچێت مەبەست بەرەی نوسرە بێت.
لایەنێكی ستراتیژەكەی ئۆباما هێرشكردنە بۆسەر ناوچە ئارامەكانی داعش لە سووریا، بۆ ئەمەش ئیدارەی ئەمریكی هەتا ئێستا بۆچوونی بەو جۆرەیە لەم هێرشانەدا هیچ هەماهەنگییەك لەگەڵ رژێمی ئەسەد ناكات و رژێمی ئەسەدیش هۆشداری داوە، ئەو فڕۆكانەی بەبێ هەماهەنگی هێرش دەكەنە سەر داعش لە سووریا، لەلایەن هێزی دژە ئاسمانیی رژێمی ئەسەدەوە پەلامار دەدرێن!

ئەوەی كە رژێمی ئەسەد ئامادە نییە بەبێ هەماهەنگیی هاوكاریی ئەمریكا بكات، بێگومان بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی تیرۆریستانی داعش دەشكێتەوە، بۆیە لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا و بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعش لە ناو سووریا، ئەوا ئەمریكا پێویستی بەوە بوو كە لەوێش پشت بە كوردی سووریا ببەستێت، ئەوجا بۆ ئەوەی پێش ئەوەی ئەمریكا ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، تیرۆریستانی داعش هێرشیان كردۆتە سەر كۆبانێ بۆ ئەوەی هیچ پێگەیەك لە ناو سووریا نەمێنی كە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ دژی تیرۆریستان سوودی لێوەر بگرێت، بەڵام وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان لە بەیاننامەیەكدا سەركۆنەی ئەو تاوانەی كرد و دوای لە هەموو هێزە سیاسییەكانی كوردستانیش كرد رووبەڕووی ئەو هێرشە ببنەوە و هەروەها داوای لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش كرد كە بە فریای كوردانی رۆژئاوا بكەون، ئەمەش مانای ئەوەیە كە سەرۆكی كوردستان بەرنامەیەكی هەیە بۆ ئەوەی رێگە نەدات ئەو پیلانەی تیرۆریستان سەربگرێت.
ئەگەر تیرۆریستانی داعش ئەوە بۆ خۆیان بە رەوا بزانن كە سنوور لەنێوان عێراق و سووریا نەهێڵن و هەر بەو نیازەش هێرشیان كردبێتە سەر شنگال و كوبانێ، ئەوا دەبێت لەوەش دڵنیابن لەگەڵ رزگاكردنەوەی شنگال لە چەند رۆژی داهاتوودا، ئەوا هیچ سنوورێك بۆ لێدانی تیرۆریستان نامێنێت و، ئەو شەڕەی لە كوردستانەوە دەستیان پێكرد، هەر لە كوردستانەوە و لەسەر دەستی پێشمەرگە كۆتایی پێدەهێنرێت.

**بەعس هەڵەبجەی كیمابارانكرد و ١٨٢ هەزار كوردی ئەنفالكرد، بەڵام سەركردایەتی سیاسیی كوردستان نەك تۆڵەی نەكردەوە، بەڵكو لە ساڵی ١٩٩١ بە دەیان هەزار سەربازی عەرەب كەوتنە دەستی پێشمەرگە و خەڵكی كوردستان هەموویان ئازاد كردن و رەوانەی لای كەسوكاری خۆیان كردەوە**

**ئەگەر شەڕی نێودەوڵەتی تیرۆریستانی قاعیدە لە (نیویۆرك)ـەوە دەستی پێكردبێت، ئەوا شەڕی تیرۆریستانی داعش لە باشووری كوردستانەوە دەستی پێكردووەو هەموو جیهانیش چاوی لەوەیە ئەم شەڕە هەر لە كوردستانەوە كۆتایی پێ بێت**






## پرۆفیسۆر دانیال سەروەر بۆ گوڵان:

# پێشمەرگەی کوردستان کاراترین هێزە لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا

**پرۆفیسۆر دانیال سەروەر، ئوستادی بەڕێوەبەری تەنگژەکان و توێژەری باڵایە لەسەنتەری ترانس ئەتلەتیك لە زانکۆی جۆنز هۆپکین و ئەندامی ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦یش جێگری سەرۆکی ئامۆژگای بونیادنانی ئاشتی بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USIP)، هەروەها راوێژکاری وەزیر بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و دوای رێککەوتنی دایتۆن نوێنەری تایبەتی و رێکخەری فیدرالیەتی بوسنا بووە. لەم وتووێژەدا سەبارەت بە ستراتیژە نوێیەکەی سەرۆك ئۆباما لە دژی تیرۆریستانی داعش و هەروەها کاریگەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەو شەڕەدا و چەند پرسێکی هەنووکەیی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵە بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کە بە داعش ناسراوە، لە دەرئەنجامدا یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە عێراقدا دروست بوو، بە بۆچوونی ئێوە تا چ رادەیەك هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕکردن لە دژی داعش سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لە کوشتنی جەنگاوەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، داعش، من وێنای سەرکەوتنی هاوپەیمانێتییەکە دەکەم، تا ئەو کاتەی هێرشە ئاسمانییەکان تا رادەیەك ئامانجە دابڕاوەکان بپێکن لە وڵاتەکەدا. بەڵام کاتێك مەسەلەکە دێتەسەر گرتنەوەی شارێکی گەورەی وەك موسڵ، ئەوا ئەمە تەحەدییەکی گەورەترە. هێرشە ئاسمانییەکان سوودێکی سنوورداریان دەبێت، بەتایبەتی بەهۆی ئەگەری زەرەر و زیانە لاوەکییەکانەوە. سەرکەوتن بەندە بە هێزە عێراقی و کوردی و عەرەبەکانەوە کە دەچنە ناوچە پڕ دانیشتووانەکانەوە، بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام پاکیان بکەنەوە و دووبارە حوکمڕانییەك دابمەزرێننەوە، کە پەیوەندیدار بێت بە بەغداوە. ئەمە ئەرکێکی زۆر سەختترە.

*** بە گەواهی میدیا جیهانی ئەو سوپایەی رۆڵێکی کارا دەبینێت لەسەر زەوی لە بواری شەڕکردن لە دژی داعش، بریتییە لە هێزەکانی پێشمەرگە، لەو رووەوە بڕیارێك دەرچوو بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە هەولێر بۆ لێدانی دەوڵەتی چەکدارانی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش. تا چ رادەیەك هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە داعش رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت؟**

- لە ئێستادا، پێدەچێت پێشمەرگە کاراترین هێز بێت لە دژی هێزەکانی داعش لە عێراقدا. رۆڵی ئەوان زۆر گرنگە. ئەوەی نایزانم ئەوەیە کە تا چەند لە کوردستان دوور دەکەونەوە بۆ شەڕکردن. فوئاد حوسێن لە ئەمریکا لە رێی رادیۆوە رایگەیاند داعش لە هەر کوێیەك بێت، ئەوا ئەوان شەڕی لە دژ دەکەن، چونکە داعش لە هەر کوێیەك بێت، هەڕەشەیە بۆ سەر کوردستان. بەڵام بە مەزەندەی من سنوورێك هەیە بۆ ئەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بەغدا نایەوێت پێشمەرگە زیاتر بەرەو باشوور بڕوات.

*** لایەنێکی دیکەی شەڕ لە دژی داعش، کە سەرۆك ئۆباما پێداگیری لێ دەکات، بریتییە لە لێدانیان لە ناو سووریا. بەڵام ئێمە یەکهەڵوێستییەکی نێودەوڵەتی بەدی ناکەین کە بەس بێت بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە. تا چ رادەیەك لێدانی داعش لە ناو سووریادا گرنگە بۆ لە ناوبردنیان؟**

- ئەگەر داعش نەوایەکی ئارامیان هەبێت لە ناو سووریادا، ئەوا دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ ناوچەکە و بۆ جیهانیش. مەرجیش نییە ئەوە ئەمریکا بێت کە لە ناو سووریادا کردەوەیەك لە دژی داعش بکات. بەڵام تا ئێستا رژێمی بەشار ئەسەد دوودڵ بووە بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات. ئەگەر دەیەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ کردەوەیەك ئەنجام نەدات بە بێ رێگەپێدانی ئەو، ئەوا دەبێت خۆیان زۆر سەرقاڵ بکەن.

*** هەست دەکەین کە هاوپەیمانەکانی دیکە راستەوخۆ بەشداری لە شەڕی دژ بە چەکدارانی داعش ناکەن، کەواتە تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی سستکردنی پرۆسەی لە ناوبردنی داعش؟**

- من وێنای ئەوە دەکەم هەر وڵاتێك چەند هۆکارێکی خۆیان هەیە. تورکیا دوودڵە لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەستی بەسەر بارمتە دیبلۆماتکارە تورکییەکاندا گرتووە. _ لەکاتی ئەم دیمانەیەدا دیبلۆماتکارە بارمتەکانی تورکیا رزگار نەکرابوون
- رەنگە قەتەر دوودڵ بێت، لەبەر ئەوەی عەرەبستانی سعودیە گەمەکارێکی گرنگە لە هاوپەیمانەکە. زۆرێك لە ئەوروپییەکان دوودڵن لە بەر ئەوەی، بە چەشنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، شەکەت بوون لە شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە رووی ئابوورییەوە لە پێگەیەکی لاوازدان. بۆیە بەڕاستی پێشوازی لە پێویستیی ئەنجامدانی کارێك لە دژی داعش ناکەن، بەڵام زۆرێك لە وڵاتانیش پەیوەندی جددی دەکەن.

*** فەڕەنسا بڕیاری بەشداریکردنی هێرشەکانی لە دژی داعش دەرکرد، هەروەها میوانداری کۆنفرانسێکی کرد لەبارەی عێراقەوە، بەڵام هەست دەکەین کە هاوپەیمانەکانی دیکە راستەوخۆ بەشداری ناکەن، بەتایبەتی لە هێرشە ئاسمانییەکاندا، ئایا ئەوە پرۆسەی لە ناوبردنی داعش سست ناکات؟**

- پێموا نییە رەوتی هێرشە ئاسمانییەکان بەهۆی بەشداری نەکردنەوە بە رادەیەکی گەورە خاو بووبێتەوە. دەستنیشانکردنی ئامانجەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ئەویش بۆ ئەوەی خۆت لە زیانی لاوەکی لابدەیت و دڵنیا بیت لەوەی هێرشەکان ئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە.

*** وڵاتە عەرەبییەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هاوپەیمانێتی دژ بە تیرۆریزمدا، بەڵام هەر کاتێك پلانی هاوکاریکردن دادەڕێژن، ئەوا هەوڵدەدەن ئەوەندەی دەکرێت بەشداری کردنەکەیان بشارنەوە. تا چ رادەیەك پشتیوانیکردنی وڵاتە عەرەبییەکان بۆ شەڕکردن لە دژی داعش بە گرنگ دەزانن؟**

رەنگە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان بەشداریکردنی خۆیان لە شەڕی دژ بە داعش بشارنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە تۆڵەسەندنەوە بپارێزن، بەڵام داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر دەوڵەتانی کەنداو، بۆیە زۆر گرنگە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان بۆ شەڕ لە دژی داعش بەشێك لەو هاوپەیمانێتییە بن.

**داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر دەوڵەتانی کەنداو، بۆیە زۆر گرنگە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان بۆ شەڕ لە دژی داعش بەشێک لەو هاوپەیمانێتییە بن**

**سەرکەوتن بەندە بە هێزە عێراقی و کوردی و عەرەبەکانەوە کە دەچنە ناوچە پڕ دانیشتووانەکانەوە، بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام پاکیان بکەنەوە**



پڕۆفیسۆر ستیفن ڤان ئیڤیرا بۆ گوڵان:

# باشترین بژاردە لەم شەڕەدا ئیحتیواکردنی تیرۆریستانی داعشە

**پرۆفیسۆر ستیفن ڤان ئیڤیرا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسۆشید و تایبەتمەندە لە بوارەکانی هۆکارەکان و ڕێگرتن لە شەڕ، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا و دەستێوەردانی ئەمریکا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم. سەبارەت بە شەڕی تیرۆریستانی داعش و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆریستان، هەروەها ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەم شەڕەدا، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

*** زۆر لە چاودێران پێیانوایە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بەرەنجامی حوکمڕانیی هەڵەی بەغدا و دیمەشق بووە، لەو بارەیەوە راتان چییە و دەبێت چۆن لەگەڵ ئەم مەترسییەدا مامەڵە بکرێت؟**

- ئەم بارودۆخە بەهۆی شەڕی ناوخۆی عێراق و شەڕی ناوخۆی سووریاوە دروست بوو، شەڕی ناوخۆ دەرفەت بۆ تیرۆریستان دروست دەکات و بە دڵنیاییەوە بەهۆی داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاوە دروست بووە. ئەگەری ئەوە هەبوو رەوشی عێراق باشتر بکرێت لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، بەڵام هەڵە لە دوای هەڵە ئەنجام دران، وەك هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و سیاسەتی ریشەکێشکردنی بەعس، لیستەکە دوور و درێژە، هەر بۆیە بەلای منەوە دەبوو ئەمریکا پتر تەرکیز لەسەر ئاشتی بکات، وەك لەوەی کردی، ئەمریکا پلانی هێنانەئارای ئاشتی لە عێراقدا نەبوو، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ئەو وڵاتە دووچاری شەڕێکی ناوخۆیی سەخت بوو، کە چەندین ساڵە درێژەی هەیە. بە دڵنیاییەوە کوردەکان نەهامەتییەکی زۆریان نەچەشت بەهۆی ئەم شەڕەوە، چونکە پتر لە ناوچە شیعە و سوننەکاندا بوو، لە لایەکی دیکەوە هەڵەیەکی گەورە بوو کە ئەمریکا پلانی ئاشتی نەبوو. دەبوو تەرکیزی ئەمریکا لە سووریا لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆیی بووایە، نەك لەسەر گۆڕینی رژێمەکە، رەنگە ئێوە هاوڕا نەبن لەگەڵ ئەمەدا، بەڵام ئۆباما هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێك گوتی: پێویستە ئەسەد بڕوات، بەڵکو دەبوا بیوتایە دەبێت ئەم شەڕە کۆتایی پێبێت، هەروەها دەبوو پێشنیاری سیستمێکی سیاسی نوێی بکردایە لە سووریادا.

*** لایەنێکی دیکە کە سەرۆك ئۆباما پێداگیری لێ دەکات، بریتییە لە لێدانی داعش لە ناو سووریا. بەڵام ئێمە یەکهەڵوێستییەکی نێودەوڵەتی بەدی ناکەین کە بەس بێت بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە. تا چ رادەیەك لێدانی داعش لە ناو سووریادا گرنگە بۆ لە ناوبردنیان؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە و ئێوە دەستتان خستە سەر پرسیارە گەورەکە لەبارەی سیاسەتی نوێی ئۆباماوە کە رەخنەیەکی سەرەکی هەیە لەسەری. پێموایە هەوڵدان بۆ لابردنی ئەسەد هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو، لەبری ئەمە دەبوو ئەمریکا هەوڵی ئەوەی بدایە کە سیستمێکی سیاسی نوێ لە سووریا بێنێتەئاراوە کە هەمولایەك بێنیتە سەر مێزەکە. باوەڕم وا نییە بتوانرێت ئەسەد لاببرێت، ئەگەر لاشببرێت توندوتیژی زیاتر دێتەئاراوە، لەبەر ئەوەی لەلایەن ئێران و رووسیا و حزبوڵای دۆستیەوە پشتیوانی دەکرێت. من هیچ پلانێك لەلایەن ئۆباماوە نابینم بۆ هێنانەدی سیستمێکی دادپەروەر و مرۆڤانە لە سووریا لە کاتی لابردنی ئەسەددا. تاکە رێگەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بریتییە لە داگیرکردنی وڵاتەکە لە رێی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکییەوە، کە ئەمریکاش ئەو کارە نەکات، ئەو کاتە ئەو دەرئەنجامە لە سووریا دەبێت کە لە لیبیا هەیە، کە بریتییە لە پشێوی و پێموایە خراپتر دەبێت و راگواستنێکی بەربڵاوی مەسیحییەکان و عەلەوییەکان دەکرێت، کەواتە لابردنی ئەسەد مایەی کارەساتێکی گەورەتر دەبێت بۆ سووریا، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەمریکا ئامادەبێت بە هێزێکی گەورە و بۆ چەندین ساڵ ئەو وڵاتە داگیربکات، کە ئەو کارەش ناکات، گومانی تیا نییە کە لابردنی ئەسەد مایەی پشێوی زیاتر دەبێت. چونکە لە کاتی لابردنی ئەسەددا بێگومان داعش باڵادەست دەبێت. رێسایەك هەیە لە سیاسەتدا ئەوەیە کە دوای رووخاندن، یان لابردنی رژێمەکە ئەوا بەهێزترین لایەنی کۆمەڵگە باڵادەست دەبێت، نەك جەماوەریترین، بەڵکو رێکخراوترین و دڵڕەقترین و توندڕەوترین. ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە ساڵی ١٩١٧ لە رووسیا بینی، بەلشەفیەکان، جەماوەریترین لایەن نەبوون، بەڵکو توندڕەوترین لایەن بوون. لە میسر دوای موبارەك کێ باڵادەست بوو؟ مورسی، توندڕەوترین رێکخراوی کۆمەڵگەی میسری بوون، زۆر توندڕەوتر بوون لەو کەسانەی لە مەیدانی تەحریردا

**کوردەکان رێکخراوترین لایەنی بەشدار بووی خاوەن ئیرادەی شەڕی دژبە تیرۆرن و پێشمەرگە کاراترین هێزە لەو ناوچەیەدا**

**تورکیا دەبێت بزانێت بوونی دەوڵەتێکی تیرۆریستی توندڕەوە و توندوتیژ و بکوژ لە سەر سنوورەکەی مەترسیدارەو هەموو لایەک لە ئیحتیواکردن و لە ناوبردنیدا بەرژەوەندی هەیە، بەڵام من لەبێدەنگی تورکیا سەرم سوڕماوە**

**کوردەکان بایەخ بەوە نادەن هێرش بکەن لە دژی داعش و بە دوایان بکەون، ئەگەر ئەمریکا بە کورد بڵێت: ئەوا ئێمە داعش لە ناو دەبەین. بەڵام ئایا ئێوە ئامادەن بچنە ناوچە عەرەبییە سوننەکانەوە؟ پێموایە وەڵامی کورد بە نەخێر دەبێت و دەڵێن: ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان بنیات دەنێینەوە و ناوچەکەی خۆمان دەپارێزین**

**داعش هەڕەشە لە کورد و هەموو جیهان دەکات، کوردەکان ئەم کێشەیەیان دروست نەکردووە و مافی خۆیانە داوای کاری جەماعی بکەن. حکومەتی ئەمریکا داوا لە حکومەتی هەولێر دەکات کە لە شەڕی دژی تیرۆر هاوکارییەکی گەورەی بکات**

**ڕێسایەک هەیە لە سیاسەتدا ئەوەیە کە دوای ڕووخاندن، یان لابردنی ڕژێمەکە ئەوا بەهێزترین لایەنی کۆمەڵگە باڵادەست دەبێت، نەک جەماوەریترین**

**باوەڕم وا نییە بتوانرێت ئەسەد لاببرێت، ئەگەر لاشببرێت توندوتیژی زیاتر دێتەئاراوە، لەبەر ئەوەی لەلایەن ئێران و ڕووسیا و حزبوڵای دۆستیەوە پشتیوانی دەکرێت**

بوون کە پێشەنگی هەوڵەکانی ڕووخاندنی موبارەك بوون. بەڵام ئەوان خرانە پەراوێزەوە و پاداشتی ئەوە نەکران کە بەهۆی ئەوانەوە ڕوویدا، ئیخوان جڵەوەکەی گرتەدەست، لەبەر ئەوەی زۆر ڕێکخراوتر بوو، ئەگەر ئەسەد بڕووخێنرێت، کێ جڵەوەکە دەگرێتەدەست؟ ڕێکخراوترین لایەن لە سووریا، کێیە ئەو لایەنە؟ بێ هیچ گومانێك، داعشە. کەواتە بیرۆکەی لابردنی ئەسەد بریتییە لە یەکەم، هاتنە ئارای پشێویەکی زۆر و نەهامەتییەکی زۆر و توندوتیژیەکی زۆر و دووەم هاتنەسەر دەسەڵات لەلایەن داعشەوە، من پێموایە زۆر سەرسەختن و پابەندن بە ئەجێندایەکی توندڕەوانەوە و بەهێزترین گرووپی تیرۆریستین و بگرە دەوڵەمەندترین گرووپی تیرۆریستیشن.

*** هێزی کاریگەر و کردەیی لەسەر ئەرزی واقیع بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، ئێستا هێزی پێشمەرگەیە، ئایا تاچەند هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی لەم شەڕەدا دەگێڕێت؟**

- هیوادارم کوردستان ڕۆڵێکی گەورە ببینن و ئومێدوەرام ئامادەبن ئەو کارە بکەن. ئەگەرچی کورد ئەم کێشەیەی دروست نەکردووە و هیچ پەیوەندیی بە دروستبوونیەوە نەبوو. بەڵام داعش هەڕەشە لە کورد و هەموو جیهان دەکات، کوردەکان ئەم کێشەیەیان دروست نەکردووە و مافی خۆیانە داوای کاری جەماعی بکەن. حکومەتی ئەمریکا داوا لە حکومەتی هەولێر دەکات کە لە شەڕی دژی تیرۆر هاوکارییەکی گەورەی بکات. ئومێد دەکەم ئەو ستراتیژیەتە گەورە بێت کە سێ بژاردەی گەورە هەیە، پاشەکشەپێکردنی داعش و ئیحتیواکردنیان و گۆشەگیرکردنیان. پاشەکشەپێکردنیان بە مانای ئەوە دێت با ئێستا بکەوینە جووڵە بۆ لەناوبردنی داعش و بۆ هێرشکردنەسەر داعش، ئەو کاتە هەر کەسێك بیەوێت شەڕ لەگەڵ داعشدا بکات، ئەوا بەشداری پێ بکرێت بۆ لە ناوبردنی دەوڵەتەکەی داعش. ڕێگەی ناوەند بریتییە لە ئیحتیواکردن، واتە ئەڵقەیەکی ئاسنین بە دەوری داعشدا دروست بکرێت و ڕێگە لە بەرفراوان بوونی بگیرێت و کاتێك داهاتی کەم بکرێتەوە، لاواز دەبێت. بژاردەی سێیەم بریتییە لەو بۆچوونەی کە دەڵێت: با سرووشت ڕەوتی خۆی وەربگرێت. بەڵام من ئیحتیواکردنم پێ باشترە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا پلانێکی سەرکەوتوو لەلایەن ئەمریکاوە بەدی ناکەم. پێموایە سوپای سووریای ئازاد پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و هەروەها قەبارەیەکی بچووکی هەیە.لەبەر ئەوە ئەمریکا ناتوانێت داعش لە سووریادا لە ناو ببات، کەواتە دەبێت ئیحتیوای بکەین، پێموایە هەموو دراوسێکانی داعش گرنگن لەم پرۆژەی ئیحتیواکردنەدا، لە نێویاندا کوردستان، کوردەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەم ڕووەوە، کوردەکان ڕێکخراوترین لایەنی بەشدار بووی خاوەن ئیرادەی شەڕی دژبە تیرۆرن و پێشمەرگە کاراترین هێزە لەو ناوچەیەدا .

*** ئایا ئەمریکا سڵ لە ڕای گشتی وڵاتەکەی دەکاتەوە، کاتێك دوودوڵە لە ناردنی سوپا، بەهۆی ئەو کاردانەوانەی لە کوژرانی سەربازەکانی دەکەوێتەوە، یان تەنیا لەبەر ئەوەیە کە پێشمەرگە هێزێکی کارایە؟**

- بۆچونێکی زۆر بەهێز هەیە لە واشنتۆن لە دژی ڕەوانەکردنی هێزی زەمینی بۆ ئەم شەڕە، لەبەشێکدا بەهۆی ترسە لە دەستدانی ژیانی ئەمریکییەکان، هەروەها هەستێك هەیە کە ئێمە لەو ڕووەوە زۆر باش نین، هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا لە زۆرێك لە دەستێوەردانەکانی ئەم دواییەدا کارا نەبوون. بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوەدام کە هێزە مەحەلیەکان کە نزیکن لە سیاسەتی مەحەلی و ڕەوشە مەحەلییەکە و ستراتیژ و تاکتیکە مەحەلیەکانەوە، باشترن بۆ ئەم کارە، ئێمە وەك ئەمەریکیەکان زۆر باش نین لە ئەندازەی کۆمەڵایەتیدا، ئێمە بە زمانی ئێوە قسە ناکەین و کەلتووری ئێوە نازانین، سەرباز بنێرین، چی دەکەن، هەڵە دەکەن و کاتێکیش ئازاری مەدەنییەکان دەدەن ئەوا هەموو کەس تووڕە دەکەن. بۆیە من دەڵێم: پێویستە سیاسەتەکەمان بریتی بێت لە ئیحتیواکردن، کوردەکانیش دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەی تێدا ببینن. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی وادەکات ئیحتیواکردن پێویست بێت، ئەوەیە کوردەکان بایەخ بەوە نادەن هێرش بکەن لە دژی داعش و بە دوایان بکەون، ئەگەر ئەمریکا بە کورد بڵێت: ئەوا ئێمە داعش لە ناو دەبەین. بەڵام ئایا ئێوە ئامادەن بچنە ناوچە عەرەبییە سوننەکانەوە؟ پێموایە وەڵامی کورد بە نەخێر دەبێت و دەڵێن: ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان بنیات دەنێینەوە و ناوچەکەی خۆمان دەپارێزین و ئێمە سەربازی خۆمان نانێرین بۆ ناوچە عەرەبییە سوننەکان.

*** لە کۆنفرانسی پاریس زۆرێك لە وڵاتان بە حەزەرەوە لە هاوپەیمانێتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش هەنگاویان هەڵگرت،ئایا هۆکاری پشت دوودڵیی بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتی دژ بە داعش چییە؟**

- پێموایە هەندێکیان یارمەتی داعشیان دەدا و ئێستا درك بەوە دەکەن چ دڕندەیەکیان دروست کردووە، بەتایبەتی سعودیە و قەتەر کە ڕێگەیان دەدا داهات و دارایی بچێت بۆ داعش، ئەویش کاتێك یاخیبوون دژی ئەسەد دروست کرا، لەبەر ئەوەی وتیان ئەوانە سوننەن. کەواتە ئەوان بەشێکی بەرپرسیارێتییەکەیان لە ئەستۆیە لە



دروستبوونی داعشدا و ئێستاش دەبینین کە هەڵەیەکی مێژوویی دەکەن، پێموایە هەندێکیان هەوڵ دەدەن هەندێ بە حەزەر بن. سوننەکان حەز بەوە ناکەن شەڕ لەگەڵ سوننەدا بکەن، لەبەر ئەوەیە دوودڵن لەوەی بچنە نێو شەڕەکە دژی هاومەزهەبەکانی خۆیان، ئەگەرچی رەنگە ئەم دەربڕینە موبالەغەش لەخۆ بگرێت، بەڵام دوودڵن بەشداری لە شەڕێکدا بکەن کە بە شێوەیەکی حەتمی لە کۆتاییدا دووچاری شەڕیان دەکاتەوە لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی سوننەدا. بە دڵنیاییەوە کاتێك هاوپەیمانێتییەکت دەبێت، ئەوا هەر کەسەو دەیەوێت ئەوی دیکە ئەرکەکە جێبەجێ بکات. داعشیش دەتوانێت پەرچە هێرشی هەبێت، دەتوانێت زەبر لەوانە بدات کە زەبری لێ دەدەن و هەر کەسێك دەچێتە ناو هاوپەیمانێتیەکەوە دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ تۆڵەسەندنەوە.

*** بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندییە نزیك و تۆکمەیەی لە نێوان کوردستان و تورکیادا هەیە، کەچی کاتێك داعش هێرشی کردەسەر کوردستان، تورکیا کاردانەوەی نەبوو، ئەمە تا چەند جێی سەرسوڕمانە؟**

لە رۆژنامەکانی رۆژئاوا ئەوە باس دەکرێت کە تورکیا بوێری ئەوە ناکات هەڵوێستێکی بەهێز بگرێتەبەر لەبەر ئەوەی داعش ٤٩ دیبلۆماتکاری تورکی دەستبەسەر کردووە، - لەکاتی ئەم دیمانەیەدا ٤٩ دیبلۆماتکارەکەی تورکیا ئازاد نەکرابوون — بۆیە تورکیا لە دژی داعش دەستی هاوکاری درێژ ناکات، تەنانەت سنوورەکانی دانەخستووە بۆ رێگەگرتن لە چوونی چەکداری داعشی نوێ بۆ ناو داعش. هەموو شەڕکەرە ئەوروپییەکان سەفەر دەکەن بۆ تورکیا و ئەردۆغان لەو رووەوە یارمەتیدەر نەبووە. مەزەندەکان ئەوەیە ئەوان نایانەوێت هیچ شتێك بکەن و هیچ شتێك بڵێن لە ترسی ئەوەی بارمتەکان سەرنەبڕدرێن، ئەمە مایەی تێگەیشتنە، بەڵام جێی داخە سەر نەوی بکەیت بۆ خەڵکانی خراپ، ئەمە مایەی سەرسوڕمانێکی زۆرە بۆ من، باشترین وەڵام ئەوەیە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە لە نێویاندا تورکیا کە کێشەی داعش چارەسەر بکرێت. تورکیا دەبێت بزانێت بوونی دەوڵەتێکی تیرۆریستی توندڕەوە و توندوتیژ و بکوژ لە سەر سنوورەکەی مەترسیدارەو هەموو لایەك لە ئیحتیواکردن و لە ناوبردنیدا بەرژەوەندی هەیە، بەڵام من لەبێدەنگی تورکیا سەرم سوڕماوە.

**ئەمریکا پلانی هێنانەئارای ئاشتی لە عێراقدا نەبوو، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ئەو وڵاتە دووچاری شەڕێکی ناوخۆیی سەخت بوو**

# سعودیه، ئەندامێکی گوماناویی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

بۆ گوڵان دەینووسێت


لە ئێستادا ئیدارەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵی بنیاتنانی هاوپەیمانییەتێکی تۆکمەی نێودەوڵەتییە بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام( داعش)، لە هەمان کاتدا ئەگەر لەو هاوپەیمانێتییە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە گردبوونەوەی ئەو ئەندامانە هەم لە رووی رواڵەت و هەمیش لە رووی ناوەڕۆکەوە مایەی گومانە.

کاتێ من ئەم وتارەم دەنووسی، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی رەزامەندییان دەربڕیوە کە بێنە ناو ئەو هاوپەیمانێتییە، خۆی لە ٤٠ دەوڵەت دەدا، بەڵام بەشداریکردنی زۆربەیان تەنیا بە رواڵەتە، هەرچەندە ئەوانە هیچیان بەو شێوەیە نەکردووە، کەچی بۆ ئەمریکا جێگەی هیوا و ئاواتە، لە راستیدا ئەمریکا لە ئەنجامدانی چالاکییەکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە، ئەوانی دیکە ئەگەر بەشداریش بووبن، ئەوا بە رێژەیەکی کەم هاتوونەتەپێش. تورکیا هەڵوێستی خۆی لەم بارەوە راگەیاندووە کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕدا ناکات و تەنانەت رێگەشی بە فڕۆکەکانی ئەمریکا نەداوە بنکە ئاسمانییەکانی بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بەکاربهێنێت. بەهەر حاڵ، عەرەبستانی سعودیە کە خۆی بە هاوپەیمان لە پرۆسەکە دادەنێت، لە هەمووان گوماناویترە، بۆیە نەدەبوو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەی وڵاتانی رۆژئاوا متمانە بە سعودیە بکەن و بیکەنە هاوپەیمان بۆ شەڕکردن دژی داعش، ئەوەی بووە هۆی بە ئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانەی داعش بوو کە بێزراوییەك و هەستێکی قێزەونی هێنایەئاراوە بگرە هەر لە پیشاندانی گرتە ڤیدیۆکانی کۆمەڵکوژیی دژ بە سەربازە بەدیلگیراوەکانی عێراق و لەوەش مەترسیدارتر بڵاوکردنەوەی وێنەی سەربڕینی دوو رۆژنامەنووسی ئەمریکی و کارمەندێکی بواری هاریکاریی مرۆیی کە بەڕەگەز بەریتانی بوو. ئەم تاوانە دڕندانەو قێزەونانە تەنیا لەلایەن داعشەوە ئەنجام نەدراون، بەڵکو لە میانی ئەمساڵ (٢٠١٤)دا عەرەبستانی سعودیە ٤٦ کەسی بە تۆمەتی ئەنجامدانی توندوتیژی سەربڕی، بەڵام نەمانبینی سەرکردەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لە ئاست ئەم تاوانانەی هاوپەیمانەکەیان هیچ هەڵوێستیان هەبێت، تەنانەت سووکە رەخنەیەکیشیان لێ نەگرت.

لە بنەڕەتدا خودی عەرەبستانی سعودیە بەرپرسیارێتیی بەرچاوی دەرکەوتنی ئەم رێکخراوە(داعش)ی دەکەوێتە ئەستۆ کە ئەمەش بە هەمان ئەندازە مایەی بێزارییە، بۆیە دەبینین کە ریاز و ئەنقەرە بە یەکەوە زۆر بە پەرۆشی پشتیوانییان لە یاخیبووانی سووریا دەکرد کە بۆ رووخاندنی رژێمەکەی بەشار ئەسەد چالاکییان دەنواند، هەرچەندە بەشی زۆری ئەو یارمەتییانەی سعودیە دەگەیشتە دەست ئەو رادیکاڵانەی کە دواتر بوونە مایەی پێکهێنانی کرۆکی داعش. لێرەدا نابێ ئەو راستییە ببێتە جێگەی سەرسوڕمان بۆ هیچ لایەك کە ریاز زۆربەی هاوکارییەکانی بۆ لایەنەکانی ئەنتی دیموکراسی و ئیسلامییەکان رەوانە دەکرد، دیارە ئەمەش بۆ تۆماری دووردرێژیی بنەماڵەی پاشایەتیی سعودیە دەگەڕێتەوە کە هەوڵدەدات برەو بە تێگەیشتنی توندڕەوانەی وەهابییەت بۆ ئیسلام بدات لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا.

رەنگە لە ئێستادا سەرکردەکانی عەرەبستانی سعودیە چاك درك بەوە بکەن کە بەو رەفتارانەیان بوونە مایەی دروستبوونی دێوەزمەیەکی فرانکشیتی وەك داعش، بەڵام ئەوەی واشنتۆن بیری لێدەکاتەوە، لە خەون دەچێت کە بریتییە لەوەی گوایە ریاز بۆتە ئەندامێکی ئەو هاوپەیمانێتییەی ئەو پێکیهێناوەو دەبێتە هۆی پەرەسەندن و بەهێزکردنی میانڕەوەکان لە سووریا و عێراق، بۆیە ئەو ئەگەرە زۆر دوورە کە عەرەبستانی سعودیە لە هەوڵی بەهێزکردنی لایەنە عەرەبییە سوننەکاندا بێت لەو وڵاتانەدا، ئەوانەی ململانێی سەرسەخت دەکەن و دەیانەوێت لە داعش جیا ببنەوە و لە جیاتی ئەوە رێنمایی و تەنانەت هاوکاریی داراییش لە سەرپەرشتیارە سعودییەکانەوە وەربگرن، لەمەش زیاتر هەرچەندە خودی ریاز دەیەوێت داعش پەراوێز بخات، بەڵام بە دەگمەن حەز بەوە دەکات کە ئەو رێکخراوە تێکبشکێنێت، کە دەرئەنجام سوودی، یان بۆ لایەنە سوننە عەلمانییەکان دەبێت، یان بۆ شیعەی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە سووریا و عێراق و لوبنان.

بەداخەوە، وادیارە تا ئێستا ئیدارەی ئۆباما و حکومەتەکانی دیکەی رۆژئاوا کە هاوپەیمانن، ئامادەنەبن دان بەوەدا بنێن کە ئەندامێکی ناو ئەو هاوپەیمانێتییە کە ئەوان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی داعشدا پشتی پێ دەبەستن، ئەندامێکی فریوەدەر و مایەی گومانە، بەڵام پێدەچێت بەشداریکردنی عەرەبستانی سعودیە ئامانج و مەبەستەکانی ئەو ئەرکە دژ بە داعش لاواز بکات، تەنانەت پێش تین و تاو سەندنی هەڵمەتی هاوپەیمانێتییەکە، بۆیە پێویستە سەرکردەکانی وڵاتانی رۆژئاوا بەخۆدا بچنەوە و دووبارە گریمانەی بەشداریکردنی سعودیە و پاڵنەری ئەو وڵاتە هەڵبسەنگێننەوە بۆ ئەو کردارانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە بە ئەنجامیان بگەیەنێت، کە ئەمەش هیچ خزمەتێك بە هێزەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکە ناکات بۆ دروستکردنی پردی پرسێکی هاوبەش لەگەڵ رژێمێکی بەم شێوەیە قێزەون و بێزراودا.



*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

# ئاماژەکانی پشت جیانەبوونەوەی سکۆتلەند لە بەریتانیا

**سکۆتلەندییەکان خۆیان هەرێمی خۆیان بەڕێوە دەبەن و سوودمەندیشن لە تۆکمەیی پێگەی پاونی ستەرلینی و سەقامگیریی رەوشی ئابووریی بەریتانیا. سکۆتلەندییەکان هەست بە هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆیان و ئینگلیزەکان ناکەن و یاساکان یەکسانییەکی تەواویان لە نێوان هاووڵاتییاندا هێناوەتەئاراوە. سەرباری ئەوەی بەریتانیا خاوەنی یەکێ لە دێرینترین دیموکراسییە پێشکەوتووەکانی جیهانە و بەداهێنەری درەوشاوەترین مۆدێلی سەرکەوتوی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێ.**



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

جگە لەهەستی ناسیۆنالیستی، هیچ هۆیەك بۆ جیابوونەوەی سکۆتلەند لە بەریتانیا نییە. تەمەنی یەکگرتنی ئینگلتەرا و سکۆتلەند سێ سەد ساڵ دەبێ. ساڵانی بەرایی یەکگرتنەکەی لێ دەرچێ، ئینگلیز و سکۆتلەندییەکان ساڵانی پاشتریان بەخۆشی و تەبایی رابواردووە. لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە بەریتانیا سەری هەڵداو بووە مایەی ریشەکێش کردنی سیستمی دەرەبەگایەتی و وەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی گەورە، تێکهەڵکێش بوونێکی زۆرتر لە نێوان هەردوو هەرێم هاتەئاراوەو لەو سەروبەندەدا سکۆتلەندییەکان هەم لە شۆڕشی پیشەسازیدا رۆڵێکی کارایان نواند، هەم لە فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتە پان و پۆڕەکەی بەریتانیادا.

سکۆتلەندییەکان خۆیان هەرێمی خۆیان بەڕێوە دەبەن و سوودمەندیشن لە تۆکمەیی پێگەی پاونی ستەرلینی و سەقامگیریی رەوشی ئابووریی بەریتانیا. سکۆتلەندییەکان هەست بە هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆیان و ئینگلیزەکان ناکەن و یاساکان یەکسانییەکی تەواویان لە نێوان هاووڵاتییاندا هێناوەتەئاراوە. سەرباری ئەوەی بەریتانیا خاوەنی یەکێ لە دێرینترین دیموکراسییە پێشکەوتووەکانی جیهانە و بەداهێنەری درەوشاوەترین مۆدێلی سەرکەوتوی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێ.

هەوڵدان بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتێکی خاوەنی جبەخانەی ئەتۆمی و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و خاوەنی مافی ڤیتۆ و دەستڕۆیشتوو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتاندا، دیاردەیەکی مایەی تێڕامانە. خاڵی گرنگ لەم رووەوە ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە هیچ بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر ئەوە نەبووە کە هاووڵاتیی سکۆتلەندی ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودەتر لە سکۆتلەندایەکی سەربەخۆ بەسەر دەبا.

لە رووی سایکۆلۆژییەوە، دڵنیا نەبوون لە ئایندە و ترس لە وەرنەگرتنی سکۆتلەند لە یەکێتیی ئەوروپا و لەدەستدانی ئەندامێتیی پەیمانی ناتۆ لە هۆیە سەرەکییەکانی رەتکردنەوەی جیابوونەوە لە بەریتانیا بوو.

بە کردەوە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی سکۆتلەند لە بەریتانیا دژی رەوتی یەکگرتنەوەی ئەوروپایە. دوای بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهان، رابەرانی ئەوروپا بناغەیەکیان بۆ یەکخستنەوەو یەکگرتنەوەی ئەوروپا داناو یەك لەدوای یەك ئەنجومەنی ئەوروپا و رێکخراوی خەڵووز و پۆڵا و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و چەندین رێکخراوی تریان وەك رێخۆشکردنێك بۆ یەکگرتنەوەی ئەوروپا پێکهێناو لەسەرەتای نەوەدەکاندا، دوابەدوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، سەرکەوتوو بوون لە راگەیاندنی یەکێتیی ئەوروپا وەك کۆنفدراسیۆنێکی سیاسی. بۆیە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جیاخواز لە سکۆتلەند و لەهەندێ وڵاتی تری ئەوروپا، لەوانە ئیسپانیا و ئیتاڵیا و بەلژیك، لەگەڵ ئامانجە مێژووییەکانی ئەوروپادا ناگونجێ و لە ناوەڕۆکیشدا بە شێوەیەك لەشێوەکان ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ لێکترازانی یەکێتیی ئەوروپا بەهۆی پارچەپارچە بوونی پێکهێنەرە سەرەکییەکانیەوە. ئەمە بەم مانایە دێ کە سەرکەوتنی پرۆژەی جیابوونەوەی سکۆتلەند کاریگەریی خراپی لەسەر ئایندەی ئەوروپا دەبوو. هەر ئەمەش هۆی هەڵوێستی توندی یەکێتیی ئەوروپا دژی جیابوونەوەی سکۆتلەند روون دەکاتەوە.

سکۆتلەندییەکان بەشکستهێنانی پرۆژەی جیابوونەوە هیچیان نەدۆڕاندووە، بەڵام براوەی یەکەم لە هاوکێشەکەدا حکومەتی بەریتانیایە، کە هەم رێی لە ئەنجامدانی راپرسییەکە نەگرت و هەم داوای لە سکۆتلەندییەکان کرد بە نەخێر دەنگ بدەن. ئەمەش، بەدڵنیاییەوە، ئەو پەڕی هەستکردنە بە لێپرسراوەتی.



# چیرۆکەکانی شنگال تاوانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی دەردەخات



**ئاوارەیەک:**
**زیاتر لە عەرەبە سوننەکان تووڕەم کە بوونە داعش و ئازاریان بە ئێمە گەیاند، ئەوان پێشتریش لەئەنفالی کورد بەشداربوون و شارەزاییان لە قڕکردنی کورددا هەیە**

**کچێکی ئێزدی:**
**داعشەکان باوکم و دوو مامی منیان لەبەر چاوی خۆم و خوشکەکانم کوشت**

**باوکێک:**
**غالیەی کچم تەمەنی پێنج ساڵ بوو بە بۆردومانی هاوەن لەناو حەوشەی ماڵەکەمدا کوژرا و تەنیا منداڵە ئیفلیجەکەم بۆ رزگار کرا**

**کوڕێکی شنگالی:**
**باوکم لەچیا پێشمەرگەیە و پارێزگاری لەکوردستان دەکات من و خوشک و براکانم زۆر بیری دەکەین، داوا لەخودا دەکەم بیپارێزێت**

قڕکردنی کوردی شنگال بە (ئێزدی و موسڵمان و شەبەك و کریستیان)ـەوە ژینۆسایدێکی دیکەی خەڵکی سڤیلی نەتەوەی کورد بوو، کە نەك هەر کەرامەتی کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی بریندار کرد. ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی چەکدارانی تەکفیری و تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، دەریخست بە هیچ شێوەیەك چاویان بە ئارامیی ئەم هەرێمە و پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی کوردستاندا هەڵنایەت. بۆیە بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە هەوڵی پاکتاوکردنێکی دیکەی کوردیان دا و جگە لە ڕەشەکوژی و ئاسمیلەکردن و کۆمەڵکوژی و ڕفاندنی کچان و فرۆشتنیان، سەدان هەزار هاووڵاتی کوردیان لە شنگال ئاوارە کرد، کە ژمارەیەکی زۆریان لە پارێزگای دهۆك داڵدە دراون، کە بەمجۆرە باسی مەینەتی و ئاریشەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەکەن.

لەناو قوتابخانەیەکی شاری دهۆك زیاتر لە ٤٠ خێزانی ئاوارەی کوردی ئێزدی نیشتەجێ کراون. هەرکام لەو خێزانانە چیرۆکی ژیانیان تراژیدیایەکی دڵتەزێنە و لە نێویاندا چەندین منداڵی بێ باوك کراو دەبیندرێن، کە تا هەنوکەش ڕۆژانە مرواریی فرمێسك بە سەر گۆنای ئاڵیاندا گلۆر دەبێتەوە.

دوعا کچێکی تەمەن نۆ ساڵە و باسی ئەوە دەکات کە لە بەردەم خۆی و دوو خوشك و دوو برایدا چەکدارانی داعش باوك و دوو مامیان کوشتووە. ئەو منداڵە چاوگەشە کە خەم پەژارە هەموو ڕوخساری داپۆشیبوو، بە ناو هەنیسکی گریاندا گوتی: «باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان، کاتێك هەردوو مامەکەم دابەزین، تا فریای باوکم بکەون، ئەوانیشیان دایە بەر گوللە و هەموو گیانیان خوێناوی بوو، هەڕەشەیان لە براکانیشم کردو پێیان وتن: ئەگەر لێرە نەڕۆن، ئێوەش دەکوژین».

دوعا کە دەستی دوو خوشکەکەی گرتبوو، بە گریان و شیوەنێکی دایکانەوە گوتی:

«زۆر بیری باوکمان دەکەین، خوشکەکانم بە بەردەوامی دەگرین، هەر داوای باوکم دەکەن، ئاخر ئەو نەبێت، ئەی کێ خواردنمان بۆ دەهێنێت؟». وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قورسەی (دوعا) زۆر دژوار بوو. ناچار لەگەڵ هەنبانەی خەمەکانیدا بەجێمان هێشت.

لەدرێژەی سەردانەکەماندا چەند ئاوارەیەکی دیکەی دەڤەری شنگالمان بەسەرکردەوە کە لەو باڵەخانانەی ناو شاری دهۆك نیشتەجێ ببوون. بیناکان تەنیا هەیکەلەکەی تەواو ببوو، بە هیچ شێوەیەك بۆ نیشتەجێبوون گونجاو نەبوون. ئەوان بەوەش ڕازی بوون، بەڵام هاتنی وەرزی پاییز و زستان، مەترسی زۆری بۆ درووست کردبوون.

وەعد خەلەف، وەك خۆی باسیکرد خەڵکی گوندی (تەلبەنات)ـە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی:

«هێرشی داعش و جاشە عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان بەشێوەیەك وا دڕندانە بوو کە لەمێژوودا وێنەی نەبووە، ئێمە لەخەودا بووین، لەدەنگی بۆردومانی هاوەن و تۆپ بەخەبەر هاتین، داعشەکان بە دۆشکە و بەبێ بەزەییانە تەقەیان لە گوندەکەمان کرد، هەموو خەڵك بە منداڵ و ئافرەت و گەنج بەساڵاچوو ترسابوون و هەڵدهاتن، ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەت و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوومان لێ بزر بوو، هەندێك دەڵێن: ئەوان دەست داعش کەوتوون و گوللەباران کراون».

هەر سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی کوردەکانی شنگال، خەلەف فەرید گوتی : «خزم و کەسوکارم لەناو ئەو کەسانەدان کە لێمان دابڕاون و ژمارەیەکیان سۆراخیان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی تریان لەلایەن داعشەوە بێسەروشوێن کراون و باس لەکوشتنیان دەکرێت».

ئەو کوردە شنگالییە باس لە سووتان و بە تاڵانبردنی ماڵەکانیان دەکات و دەڵێت: «عەرەبەکانی نزیك گوندەکانمان هەڵساون بە تاڵانبردنی کەلوپەلی زۆر لە ماڵەکانمان و تەنانەت زۆر لە خانووەکانیان سوتاندووە، تاوەکو جارێکی تر کورد نەچێتەوە ئەو شوێنانە، لەمەشدا زۆر لە هۆزە عەرەبەکان دەستیان هەبووە».

عەباس عیدۆ هاووڵاتییەکی دیکەی ئاوارەیە و ئەویش بەمجۆرە باسی لە بێسەروشوێنکردنی براکەی کردو گوتی: «براکەم باوکی چوار کوڕ و سێ کچە لەلایەن داعشەوە براوە و بێسەروشوێنە و چارەنووسی نازانین، منداڵەکانی لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدان و بە بێ باوك لە ژیانێکی سەختی ئاوارەییدان».

زۆربەی ئاوارەکان کە لە دهۆك نیشتەجێ ببوون، وێڕای ئەوەی سوپاسی خەڵکی دهۆك و پارێزگاریان دەکرد کە لەو دۆخە ناهەموار و گەمارۆیەدا بەهانایانەوە چوون، هاوکات داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکرد، مشورێکی هاتنی وەرزی زستانیان بخۆن، چونکە ئەوان خاوەنی منداڵ و ئافرەت و کەسانی بەساڵاچوو بوون، جەختیشیان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر لەم زستانەدا لەو بارودۆخەدا بمێننەوە، نەخۆش دەکەون و بەهیلاك دەچن. هەر بۆیە داوای دروستکردنی کەمپی هاوچەرخیان دەکرد، لەوەش دڵنیابوون کە ڕزگارکردنی شنگال و دەشتی موسڵ و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بە تەواوی کاتێکی زۆری دەوێت.

کاریگەرییەکانی ڕۆژانی نەهامەتی و نەهات و مەینەتەکانی سەر چیای شنگال، بەئاسانی لە زەینی کوردی شنگال ناسڕێتەوە.ئەوان بیروەرییەکی زۆر تاڵیان لەو ڕۆژانە هەیە. ئەوەتا ئەلیاس باپیر کە لاوێکی ئێزدییە دەڵێت: «بە درێژایی شەش ڕۆژ لە سەر چیای شنگال خەڵکی بە بێ نان و ئاو و لە ژێر پلەیەکی گەرمای بەرز لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبوونەوە، ژمارەیەك لە منداڵ و ئافرەت

و بەسـاڵاچوو مردن، كۆمەك و یارمەتیەكانیش بەشی ئەو ژمـارە زۆرەی ئاوارەكانی نەدەكرد، ئێمە بە گەنمی كوڵاو (دانوو) منداڵەكانمان لە مردن رزگار كرد».

ئەلیاس رەشـۆ یەكێكە لەو هـەزاران ئاوارەیە و ئەویش بە نیگەرانییەكی زۆرەوە بەسـەرهاتی خـۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «دایـك و باوكم لە چیای شـنگال بە جێماون و چارەنووسیان نازانم، من زیاتر لە عەرەبە سوننەكان دەترسم كە بوونە داعش و ئازاریان بە ئێمە گەیاند، ئەوان پێشتریش لەئەنفالی كورد بەشـداربوون و شـارەزاییان لە قڕكردنی كورددا هەیە».

حەمۆ خەلیل خەڵكی گوندی سـیپا شـێخ خدرە، ئەویش خۆی و خانەوادەكەی قوربانی تاوانەكانی داعشـن، بەڵام وەك خۆی باسـیكرد، زیاتر لـە چەكدارانی داعش، رقی لـە عەرەبەكانی ناوچەكەیـان هەڵگرتـووە، بۆیە دەڵێت: «عەرەبە خۆفرۆشـەكان دەستیان بەخوێنی گەنج و منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووی ئێمە سوور بووە، بە درێژایی ئەو رێگەیـەی لێی هەڵهاتین، دەیان لاشـەی خەڵكی خۆمان دەبینی، خەڵكی بەلێشـاو رایان دەكردو زۆربەیان دەگریان، ئەمڕۆ باری تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوونمان ئارامی نەكردووین، ونبوونی ئازیزانیشمان خەمێكی زۆر گەورەیە، ئەوەتا باوكم تەمەنی ١٠٠ سـاڵە تا ئێستا هەواڵی نازانم، مـن وادەمزانی لەگەڵ براكانـم هەڵهاتووە، كەچی لەوێ ماوەتەوە».

یەكێك لەگرفتەكانی خێزانە شـنگالییەكان بوونی منداڵێكی زۆری پەككەوتووی خاوەن پێداویسـتی تایبەتە، دەخیل خـدر كـە باوكی منداڵێكـی ئیفلیجـە و لەنـاو بـەردوداری باڵەخانەیەكدا نیشتەجێیە، بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە گوتی: «لە بۆردومانەكەی شنگالدا، غالیەی كچە خنجیلانەكەم كە تەنیا پێنج ساڵی تەمەن بوو، بەهۆی هاوەنەكانی داعشەوە لە حەوشەی ماڵەكەم كـوژرا، تەنیا كچـە كەمئەندامەكەم بە هاوكاری هێزی پێشـمەرگە بـۆ دەرباز كرا، ئێستاش ژیان لەم شـوێنە سەختە بۆ منداڵێكی پەككەوتـە، هیچ رێكخراو و لایەنێكیش بەهانای كچە نەخۆشەكەم نەچووە».

هـەر لەو ئاوارانـە خێزانێكمان دواند كە باوكیان پێشمەرگەیە و لەگەڵ (قاسم شەشۆ) لەچیا ماوەتەوە، كوڕێكی تەمەن ١٢ سـاڵی ئەو پێشمەرگەیە پێی وتین: «زیاتـر لە مانگێكـە باوكم نەبینیـوە و چووەتەوە چیا، زۆر بیـری دەكەم، دایكم دەڵێـت: باوكتان پارێزگاری لە كوردستان دەكات، بۆیە داوا لەخوا دەكەم ئەویش و هەموو پێشمەرگەكان بپارێزێت».

گەورەیی كارەساتەكە و ژمارەی زۆری ئاوارەكانی شنگال و بەعشـیقە و ناوچەكانی دەشتی موسڵ، ئەوە داخوازێت هەنـگاوەكان زیاتر چڕ بكرێنەوە و پێـش هاتنی وەرزی زستان ئاوڕێكی جددییان لێبدرێتەوە.

فیراس سـەڵاح كە ئاوارەیەكی خەڵكی بەعشیقەیە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «پەرتەوازەبوونی ئاوارەكان بەسەر شارو قەزاو ناحیە و ئەو هەموو قوتابخانەكان كاری دابەشكردنی كۆمەك و یارمەتییەكانی ئێجـگار قورس كردووە، تەنانەت لە دابەشكردنی هاوكاری و كۆمەكەكان جیاوازی هەیە، قوتابخانە هەیە ٧٨ خێزانی ئـاوارەی تێدایە و كۆمـەك و هاوكاری كەمی پێـدەگات، زۆربـەی ئاوارەكان سـەرەڕای ئەو قوربانییـە گەورەیە و سەختی ژیانیان، چاویان لەگەڕانەوەیە بۆ سـەر زێدی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ماوەیەكی زۆری دەوێت و پێویستە پێش هاتنی زسـتان چارەسەری كێشەی نیشتەجێبوونیان بكرێ».

